# توندوتیژی عیراق: لەسەر زەمینەی مۆلەق

## توندوتیژی لە دژی کەمینەکان لە ناوچە جێناکۆکییەکانی پارێزگای نەینەوا

Copyright © 2009 Human Rights Watch
All rights reserved.
Printed in the United States of America
ISBN: 1-56432-554-7
Cover design by Rafael Jimenez

Human Rights Watch
350 Fifth Avenue, 34th floor
New York, NY 10118-3299 USA
Tel: +1 212 290 4700, Fax: +1 212 736 1300
hrwnyc@hrw.org

Poststraße 4-5
10178 Berlin, Germany
Tel: +49 30 2593 06-10, Fax: +49 30 2593 0629
berlin@hrw.org

Avenue des Gaulois, 7
1040 Brussels, Belgium
Tel: + 32 (2) 732 2009, Fax: + 32 (2) 732 0471
hrwbe@hrw.org

64-66 Rue de Lausanne
1202 Geneva, Switzerland
Tel: +41 22 738 0481, Fax: +41 22 738 1791
hrwgva@hrw.org

2-12 Pentonville Road, 2nd Floor
London N1 9HF, UK
Tel: +44 20 7713 1995, Fax: +44 20 7713 1800
hrwuk@hrw.org

27 Rue de Lisbonne
75008 Paris, France
Tel: +33 (1)43 59 55 35, Fax: +33 (1) 43 59 55 22
paris@hrw.org

1630 Connecticut Avenue, N.W., Suite 500
Washington, DC 20009 USA
Tel: +1 202 612 4321, Fax: +1 202 612 4333
hrwdc@hrw.org

Web Site Address: http://www.hrw.org

تشرینی دووهەمی 2009

1-56432-554-7

# توندوتیژی عیراق: لەسەر زەمینەی مۆلەق
## توندوتیژی لە دژی کەمینەکان لە ناوچە جێناکۆکییەکانی پارێزگای نەینەوا


نەخشە: ناوچە جێناکۆکییەکان کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوادەکرێن ............................. 1

کورتە .............................................................................................. 2
ململانێ لە باکور ........................................................................ 3
شەڕ لە پێناوی نەینەوادا ................................................................ 4
کەمینە گەمارۆدراوەکانی نەینەوا ........................................................ 5
بەرنامەی کار ................................................................................ 6

I. پێوەرە یاساییە پەیوەندیدارەکان ............................................................ 8
ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافەکانی کەمینەکان ................................ 8
ستانداردە نیشتمانییەکانی پاراستنی مافی کەمینەکان ....................................... 10
دەستوری عیراقو ناوچە جێناکۆکییەکان ......................................................... 10

II. پێشینە ........................................................................................ 12
بەعەرەبکردن ..................................................................................... 12
هەڵمەتی ئەنفال .................................................................................. 13
بەردەوامبوونی بەعەرەبکردن دوای 1991 یش بە "راستکردنەوەی" نەتەوەشەوە .................. 14
میراتی بەردەوامی ئاوارەبوون ................................................................. 14
داگیرکردنو شەڕی ناوخۆ ....................................................................... 15
پەرەسەندنی سیاسیو رەوشی نەینەوا .......................................................... 16
کوردو پارێزگاریو کۆنترۆڵ ..................................................................... 19


III.کوشتنی کەمینەکانی نەینەوا ................................................................. 23
رەچەتەی توندوتیژی ............................................................................. 23
کوشتنی کلدۆ – ئاسورییەکان .................................................................. 25
کوشتنی شەبەکەکان .............................................................................. 31

IV.تۆقاندن لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە .................................................. 38
تۆقاندن لەتوێی توندوتیژییەوە ................................................................. 38
تۆقاندن لە رێگای هەڕەشەو زیندانیکردنەوە ..................................................... 40
تۆقاندن پێش هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە 2009 دا ............................................. 41

**راسپاردەکان ..................................................................................................... 43**
بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ..................................................................................... 43
بۆ حکومەتی عیراق.................................................................................................... 43
بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ........................................................................................... 44

**پێزانین...................................................................................................................... 45**

## نەخشە: ناوچە جێناکۆکییەکان کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوادەکرێن




نەخشەکە بە سوپاسەوە لە گروپی قەیرانەکان (Crisis Group) وەرگیراوە.

# کورتە

ململانێی درێژخایەن لەسەر خاك لە باکوری عیراقو لە نێوان حکومەتی ناوەندی بەغدا کە عەرەب تێیدا باڵادەستەو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەزۆری لای جیهانی دەرەوە بەرچاو نیە، بەڵام مەترسی ئەوەی لێدەکرێت دیسانەوە بهەژێتەوە. ئەم مەترسییەش کارەساتێکی گەورەی تر بەسەر مافەکانی مرۆڤی گروپە کەمینەکاندا دەهێنێت، ئەوانەی لەمێژە لەوێ دەژین.

مەسەلەکە رەوشی ناوچە جێناکۆکییەکانی باشوری هەرێمی کوردستانە. پێشتر رژێمی عیراق ئەم ناوچە بەرینەی باکوری عیراقی "تەعریب" کردووە، سەدان هەزار کوردو کەمینەی دیکەی لە ماڵەکانیان وەدەرناوەو بە نەژادی عەرەب جێگای گرتوونەتەوە.

دوای زیاتر لە سێ دەهە لە وەدەرنانی زۆرەملێ، دوابەدوای رماندنی حکومەتەکەی سەدام حسێن، سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوێریی ئەوەی پەیداکرد کە داوابکات ئەو خاکە بەشێکە لەو هەرێمەی لە مێژوودا کوردی لێ ژیاوە، کە لە خۆراواوە لە گوندی شەنگاری نزیك سنوری سوریاوە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە خانەقین لە نزیك سنوری ئێران لە خۆرەلآت.

کوردو عەرەب بانگەشەی خاوەندارێتی ئەم خاکە مشتومڕاوییە دەکەن، بەڵام واقیعی حاڵەکە جیاوازە لەو گێڕانەوە نەژادییانەی سەرکردەکانی ئەوان دەیانخەنە روو. ناوچە جێناکۆکییەکان لە رووی مێژووییەوە، یەکێکە لە فرەچەشنترین ناوچەکانی عیراق لە رووی نەژادو کەلتورو ئاینەوە، چەندین سەدەیە لەپاڵ کوردو عەرەبدا، تورکمان، ئاسوریو کلدانی مەسیحی، ئێزدی، شەبەکو کەمینەی تریشی لێدەژی.

کوردی عیراق مافی خۆیەتی قەرەبووی بکرێتەوە بۆ ئەو تاوانانەی لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقەوە بەرامبەریان کراوە، وەك جینۆسایدو ئاوارەکردنی سەدان هەزار کەس. قوربانیانی هەڵمەتی بەعەرەبکردنەکەی سەدام حسێن، مافی خۆیانە بگەڕێنەوەو کۆمەڵە مێژووییەکانی خۆیان پێکەوەبنێنەوە. بەڵام پێویستە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی خراپەکارییەکانی رابردوو جیابکرێتەوە لەو ململانێیەی حاڵی حازر بۆ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر ناوچە جێناکۆکییەکاندا، لەگۆڕێیە، هەروەها ناشبێتە پاساوێك تا تاکە گروپێکی نەژادیی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت. هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە قووڵەکان لەسەر ئایندەی باکوری عیراق، بوونەتە هۆی ئەوەی کۆمەڵە کەمینەکانی نیشتەجێی ئەوێ لە رەوشێکی مەترسیداردا بژینو بکەونە بەر زەبری ململانێکانو لەژێر فشارێکی توندا بن تا دڵسۆزی خۆیان بۆ یەکێك لە لایەنەکان رابگەیەنن، یاخود خۆیان رووبەڕووی دەرەنجامەکان ببنەوە. ئەوان بوونەتە قوربانی تاکتیکە قورسەکانی دەسەڵاتی کوردی، وەك رەشبگیریو دەسبەسەرکردن، تۆقاندن، کە ئاڕاستەی هەرکەسێك کراوە کە بەرەنگاری کورد پلانە فراوانخوازییەکانی کورد ببێتەوە. کشانی کورد بۆ ناوچەکە بووەتە هۆی خولقاندنی دەرفەتێك بۆ عەرەبە سوننە توندڕەوەکان، تا بەردەوامیی بدەن بە هەڵمەتی کوشتنی کەمینەکان، بە تایبەتی کەمینە ئاینییەکان.

## ململانێ لە باکور

دوای داگیرکرانی عیراق بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی 2003 ، دەسەڵاتی کوردی کە هاوپەیمانی نزیکی هێزەکانی ئەمریکایە، بە رەزامەندی ئەمریکا، کۆنترۆڵی کارای خۆی بەسەر بەشی زۆری ناوچە جێناکۆکییەکانی باشوری هێڵی سەوزدا سەپاند – ئەو سنورە دێفاکتۆیەی لە دوای 1991 ەوە هەرێمی کوردستانی لە باقی بەشەکانی تری عیراق جیاکردۆتەوە. هێزە کوردییەکان کە بە پێشمەرگە ناسراون، شانبەشانی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کەوتنە جووڵە بەرەو باشور، هەزاران لەو عەرەبانەی لە هەڵمەتی "بە عەرەبکردن" سودمەند ببوونو زۆربەیان نزیکەی سێ دەهە بوو لە ناوچەکە دەژیان، بە خێرایی هەڵاتنو باکوری عیراقیان جێهێشتو ئاوارە بوون.

لە 2006 دا ململانێیەکی سەخت لەنێوان عەرەبە شیعەو سوننەکاندا روویداو ناوەڕاستو باشوری عیراقی هەژاند. لە گەرمەی خرۆشانی توندوتیژی تایفیدا، سەرکردایەتی کورد باڵی سەربازیو سیاسی بەسەر ناوچە جێناکۆکییەکانی باکوری عیراقدا کێشا، هێزەکانی ئاسایشی خۆی بەرەو ناوچەکە گوێزایەوەو کەوتە دروستکردنی بونیادی سیاسیو ئیداری بۆ کۆنترۆڵکردنی. لە 2009 دا ململانێی تایفی خامۆشکرا، بەڵام سەرکردایەتی کورد کۆنترۆڵی خۆی بەسەر زۆرێك لە ناوچە جێناکۆکییەکاندا سەپاندبوو. ئێستا لە ترسی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانە بلکێنێت بەخۆیەوە، عەرەبە سوننەو شیعە یەکگرتووەکان لە حکومەتی ناوەندی دژی ئەو هەرەشە هاوبەشە وەستاونەتەوە.

شەش ساڵی ئەو داگیرکارییەی ئەمریکا سەرۆکایەتیکرد، نەیتوانی گرژیی ناوچە جێناکۆکییەکانی باکوری عیراق هێوربکاتەوە، یاخود قەرەبووی سیاسەتەکانی بەعەرەبکردن بکاتەوە. هاوپەیمانێتی ئەمریکا بایەخێکی ئەوتۆی نەدا بە کرژیی ئەو ناوچانە، ناوبژیکردنە درێژخایەنەکەی هیچی ئەوتۆی بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوانو عەرەبو کورد پێنەکراوە. زۆرێك لە هەژارو نەدارەکان، کە زۆربەیان کوردنو قوربانی سیاسەتەکانی بە عەرەبکردنن، نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵە دێرینەکانی خۆیان، ئەوەش هاوارێکی بەهێزی ئەو ستەمانەیە کە لە کورد کراون. لەگەڵ کشانەوەی تەواوەتی ئەمریکادا لە عیراق، کە لە سایەی ئیدارەکەی ئۆبامادا خێراتر بووە، ئەو گرژییانەی کە ماوەیەکی درێژە لە لایەن ئەمریکاوە پشتگوێخراون، هەڕەشەی تەقینەوە دەکەن تا ببنە هۆی ململانێیەکی فراونی وەها کە سەرلەنوێ عیراق بخاتەوە باری ناسەقامگیرییەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لای خۆیەوە سەرسەختانە داوای جێبەجێکردنی ریفراندیۆمێك دەکات کە دەستور رایسپاردووە دەربارەی ئایندەی ناوچە جێناکۆکییەکان ئەنجامبدرێت – ریفراندیۆمێك کە بەرپرسانی کورد بە ئامادەیی سیاسیو ئاسایشییانەوە لەو ناوچەیەدا، هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی دڵنیا ببن بەلای خۆیاندا بشکێتەوە. گرەوەکان بایەخدارن، حکومەتی ناوەندی عیراق لەبەردەمی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر نزیکەی نزیکەی 10 لەسەدی تەواوی خاکی عیراقەوە بەرەو بەزین دەچێت، ئەمەش نزیکە لە دووهێندەکردنەوەی قەبارەی ناوچە نیمچە ئۆتۆنۆمەکەی کوردستان. ئەوەی لەژێر ئەم خاکەدا هەیە سودێکی زۆری بۆیان هەیە: زیاتر لە نیوەی نەوتی یەدەکی عیراق لە باکوری عیراقە، بەشی زۆرو باشترین جۆریشی لەم ناوچە جێناکۆکییەیە. دامەزراندنی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی فراوانکراو لەگەڵ دەستگەیشتنی بە کێڵگە نەوتییەکان، مایەی نیگەرانی تورکیا، سوریا، ئێرانی دراوسێیە، کە خۆشیان دانیشتوانێکی گەورەی کوردیان هەیە کە خواستی ناسیونالیستانەشیان هەیە.

## شەڕ لە پێناوی نەینەوادا

لەکاتێکدا کە بەشی زۆری بایەخی نێودەوڵەتی بە ململانێی نێوان کوردو عەرەب لە ناوچە جێناکۆییەکان، تەرکیزی کردۆتە سەر شاری بە نەوت دەوڵەمەندی کەرکوك، یەکێك لە بەرە سەرەکییەکانی جەنگی ئەم ململانێیە نەینەوایە، کە دووهەمین شاری قەرەباڵەغی عیراقەو زێدی مێژوویی پێکهاتەیەکی ناوازەی گروپە کەمینەکانیشە. گەرچی لە رووی دەستوورییەوە نەینەوا لەژێر یاسای حکومەتی ناوەندی عیراقدایە، بەڵام دەسەڵاتدارانی کورد لە کۆمەڵە فرە نەژادەکەیدا کە دەکەوێتە باکورو خۆرهەڵاتی موسڵ، لەو شوێنەی پێیدەوترێت دەشتی نەینەوا، واقیعەکەیان گۆڕیوە، گەشتێك بە دەوری موسڵو بەناو دەشتی نەینەوادا دەریدەخات کە ئامادەیی سەربازیی‌و سیاسیی کورد گەیشتۆتە چ ئاستێك: دەزگاکانی ئاسایش‌و خاڵەکانی پشکنین بە پێشمەرگەی کوردی پڕچەکەوە بە درێژایی دیمەنەکەدا بڵاوکراونەتەوە، پارێزگاری لە گوند دوای گوند دەکەن، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە یەکێکە لە دوو پارتە سەرەکییەکەی حکومەتە نیمچە ئۆتۆنۆمەکەی کورد، بارەگای لە بچوکترین شارۆچکەش هەیە (گەلێك شارۆچکەو گوندەکانیش بارەگای پارتەکەی تریشیان لێیە، واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان). ئاڵای کوردستان بەسەربانەکانیانەوە بەدەم باوە دەشەکێتەوە، بەڵام ئاڵای دەوڵەتی ناوەندی عیراق لە هیچ شوێنێك بەرچاو ناکەوێت.
دەسەڵاتدارانی کورد لە نەینەوا رووبەڕووی بەرەنگارییەکی سەختی عەرەبە سوننەکانو کۆمەڵە کەمینەکان بۆتەوە، ئەوانەی لەم هەژمونە نوێیەی لە باکورەوە هاتووە دەماریان گرژ بووە. زۆرێك لە عەرەبە سوننەکان کە وار اهاتبوون لە سایەی حکومەتەکانی پێشووتردا دەسەڵاتو ئیمتیازیان هەبێت، دوای رمانی سەدام حسێن وایان پێباش بوو بەشداری پرۆسەی سیاسی نەکەن، لەبری ئەوە هانایان بردە بەر پەیوەندیکردن بە گروپە یاخییەکانەوە یان پشتیوانیلێکردنیان، یاخود لە پەراوێزدا مانەوە. لەم بەینەشداو دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 کورد باڵی کێشا بەسەر ئەنجومەنی پارێزگادا، ئەوەش وایکرد دەسەڵاتی سیاسیی‌و سەربازیش لەم ویلایەتەدا کە تێیدا کەمینەن، بە تەنها لە دەستی خۆیاندا بێت. ئەم دەسکەوتە کوردییانە عەرەبە سوننەکانی زیاتر وروژاندو موسڵ بوو بە مۆڵگەی یاخیبوونی عیراقی.

توندڕەوترینی یاخیەکان بەشێوەیەکی دڕندانە هێرشیانکردە سەر کۆمەڵەکانی کلدۆ-ئاسورییەکان، یەزیدییەکان، هەروەها شەبەکەکانو یەك لەدوای یەك بە خاچهەڵگر، شەیتانپەرست، کافر لە قەڵەمیاندان. لە ئابی 2007 دا لە یەك کاتدا دووبارهەڵگری بۆمبڕێژکراو لە نەینەوا تەقینەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە ئیسلامییە توندڕەوەکان ئەنجامیاندابێت، لەو هێرشەدا کە لە سەرەتای شەڕەکەوە تا ئێستا بە خراپترین هێرش بۆ سەر مەدەنییەکان دادەنرێت، زیاتر لە 300 یەزیدییان کوشتو زیاتر لە 700 ی تریان برینداركرد. لە کۆتاییەکانی 2008 دا، یاخیەکانی هەڵمەتێکی سیستماتیکو هەماهەنگی کوشتنی دەستنیشانکراو و توندوتیژییان بەرپاکردو 40 کوژراوی کلدۆ – ئاسوری لەدوای خوی جێهێشتو زیاتر لە 12,000 یش لە ماڵەکانی خۆیان لە موسڵ ئاوارە بوون.

هەڵبژاردنەکانی پارێزگا لە کانونی دووهەمی 2009 دا، دیسانەوە ریزبەندییەکانی دەسەڵاتی لە ناوچەکە هەژاندەوە، لیستی حەدبای ناسیونالیستە سوننەکان دوای بەرپاکردنی هەڵمەتێکی دژەکورد لە هەڵبژاردندا، هاوپەیمانێتی کوردستان (لیستی برایەتی نەینەوا)ی بەزاند. لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە، حەدبا هاوپەیمانێتی کوردستانی لە هەموو پۆستە باڵاکانی ئیدارەی نوێ دوورخستەوەو لیستی برایەتیش بایکۆتی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوای کرد.

## کەمینە گەمارۆدراوەکانی نەینەوا

هیچکام لەو پەرەسەندنانە نیشانەی خێریان بۆ کۆمەڵە کەمینەکان پێنەبوو، کە خۆیان بینییەوە کەوتونەتە نێوان بەرداشی دوو نەیاری نەژادییەوە کە دوژمنایەتییەکەی چەند دەهەیی لە نێوانیاندا هەیە. زۆرێك لەو کەمینانە – دوای چەندین نەوە لە چەوساندنەوە بە دەستی عەرەبەکان – ئێستا ترسی ئەوەیان هەیە کوردەکان بیانچەوسێننەوە، ئەوانیش مێژوویەکی هاوشێوەیان لە سەرکوتکران بە دەستی حکومەتە پێشووترەکانی عیراق هەیە.

دەسەڵاتدارانی کورد بۆ قایمکردنی پێگەی خۆیان لە نەینەواو ئاسانکردنی لکاندنی بە هەرێمی کوردستانەوە، ستراتیجێکی دووسەرەیان پیادەکرد: لە یەك کاتدا تەماعیان دەنایە بەر کەمینەکانو ئاماژەی سەرکوتکردنیشیان پیشاندەدان بۆ ئەوەی هەروا بەکێشیانبکەن. ئامانجی ئەو تاکتیکانە ئەوەیە کۆمەڵەی یەزیدیو شەبەکەکان والێبکەن وەك کورد نەژاد بناسرێن، هەروەها مەسیحییەکانیش وابەستەی پلانی حکومەتی کوردی ببن بۆ زامنکردنی سەرکەوتووبوونی کورد لە هەر ریفراندیۆمێکدا دەربارەی ئایندەی ناوچە جێناکۆکییەکان ئەنجامبدرێت. دەسەڵاتدارانی کورد بە سەرفکردنی ملیۆنەها دیناری عیراقی بۆ بیناکردنی سیستمێکی کوردیی پارێزگاریکردن لە کەمینەکان، پیتاککردنی رێکخراوە بەدیلەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ کێبڕکێکردنو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو گروپانەی پێشتر دامەزراون زۆربەشیان دژایەتی فەرمانڕەوایی کورد دەکەن، هەوڵیاندا ئەو کۆمەڵە کەمینانە کەمەندکێشی خۆیان بکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان فەندی ئەو میلیشیا تایبەتانە دەکات کە بە رووکەش بۆ پاراستنی کۆمەڵە کەمینەکان لە توندوتیژی دەرەکی دامەزراون، بەڵام لە راستیدا لە خزمەتی چەسپاندنی دەسرۆیشتوویی کورددان. سەرکردایەتی کورد قاسەی هەندێك لە سەرکردەکانی گروپە ئاینییەکانی پڕکردو، پارەی دروستکردنی شوێنی نوێی پەرستشی دا بۆ راکێشانی گروپە ئاینییەکان بەلای خۆیدا.

ئەم سیاسەتە درزەکانی نێوان کۆمەڵەکانی بەرینترکردەوە. زۆرێکیان پێشوازییان لە رژانی پارە کرد – ناوچە جێناکۆکییەکانی نەینەوا یەکێکە لە هەژارترینو نەخوێندەوارترینو پێشنەخراوترین ناوچەکانی عیراق، زۆربەی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیان نیەو دەرفەتی کاریش زۆر کزە، بۆیە لای زۆرێك لە خێزانە هەژارەکانی باکوری عیراق، یارمەتی کورد تاکە پشتیوانیی بەردەستە بۆ خێزانەکان.

لەهەمانکاتدا، دەسەڵاتی کوردی، تاکتیکی دڵڕەقانەشی بەکارهێنا بۆ وەڵامدانەوەی ئەوانەی لەناو ئەو کەمینانەوە تەحەدای کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. هێزەکانی کورد بەزۆری پشتیان بە ترساندنو هەڕەشەکردنو دەستگیرکردنی هەرەمەییو زیندانیکردن بەستووە بۆ بەدەستهێنانی زۆرملێی پشتیوانی کۆمەڵە کەمینەکان بۆ پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەڕ ناوچە جێناکۆکییەکان. هیومان رایتس وۆچ بینیویەتی کە لە چەند حاڵەتێکی پەرگیردا، هانایان بردۆتە بەر توندوتیژیو ئەشکەنجەدان. بەپێی چەند ئەندامێکی کەمینەکان کە قسەیان بۆ هیومان رایتس وۆچ کردووە، ئەم هەڕەشانە، لەپاڵ پشتیوانی داراییدا، زۆرێك لە کەمینەکانی بە ملکەچی هێشتوتەوە، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لای خۆیانەوە، بە توندی نکوڵییانکرد لەو بەهانانەی دەدرێنە پاڵیانو ئەوان بە بەرپرس لە کردەوەکانی تۆقاندنو توندوتیژی دەدەنێن، گرفتەکە بە تەواویی دەخەنە ئەستۆی گروپە عەرەبە سوننە توندڕەوەکان.

چەند نوێنەرێکی کەمینەکانو بەرپرسە عەرەبەکانیش وتیان دەسەڵاتی کوردی راستەوخۆ تێوەگلاوە یان بەشدارییکردووە لە هێرشە کۆمەڵکوژییەکانی 2008 ی نەینەوادا دژی کەمینەکانو کە لە سێ هەفتەیەکدا نزیکەی

40 مەسیحی کوژران. هیومان رایتس ۆچ هیچ بەڵگەیەکی دەستنەکەوت کە دەسەڵاتدارانی کورد ببەستێتەوە بەو هێرشە درندەو دڵتەزێنانەوە. بگرە رەنگە جەلادانی ئەو هێرشانە گروپە عەرەبە سوننە توندڕەوەکان بن، کە لە ئابی 2009 دا هێرشەکانیان زیاترکردو سەرلەنوێ هێرشی بۆمبیی کرایەوە سەر شەبەکو یەزیدییەکان.

رەوشی نەینەواو ناوچە جێناکۆکییەکانی تریش لەسەر کۆنترۆڵی کردنی خاك لەسەر لێواری تەقینەوەی ململانێیەکی کراوەیە. بەرپرسانی کورد داوا دەکەن لە رێگای ریفراندیۆمەوە ئەو ناوچانە بخرێنە سەر هەرێمە نیمچە ئۆتۆنۆمەکەی کورد، بەڵام عەرەبە سوننەکانو حکومەتی ناوەندی عیراق پێدادەگرن لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئاسایشی کورد لەو ناوچانەی ئەوان بە خاکی عیراقی دادەنێن. زۆربەی سیاسەتمەدارە کوردو عەرەبەکان تەنانەت بیرکردنەوە لە چەمکی بەشکردنی دەسەڵاتی نەینەوا رەتدەکەنەوە. بەڵام دەشتی جێناکۆکی نەینەوا نە بەتەواویی کوردیەو نە بەتەواویی عەرەبییە: ناوچەیەکی فرەکەلتورو فرە نەژادو فرە ئاینیشە، پێویستە هەر چارەسەرێك کە بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە دەدۆزرێتەوە، دان بەم هەمەچەشنییەو مافی تاکەکاندا بنێت بۆ ژیانێکی ئاسایشو شکۆدار، تا خۆیان ئەو شوناسو زمانو ئاینو کەلتورە هەڵببژێرن کە دەیانەوێت مومارەسەی بکەن.

هیومان رایتس ۆچ داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات دەستبکات بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆو نەزیهانە لەگەڵ تاکەکاندا، بە هێزەکانی ئاسایشی کوردیشەوە، کە دەوترێت بەرپرسیارن لە کوشتنو لێدانو ئەشکەنجەدانی کەمینەکان. هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستگیرکردنی هەڕەمەکی کەمینەکان رابوەستێنێتو دەسبەرداری سەرکوتکردنی ئەو رێکخراوە سیاسییانەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش ببێت کە دژی سیاسەتی کوردن لە ناوچە جێناکۆکییەکاندا. حکومەتی عیراقیش لە هەموو ئاستەکاندا بە ئیدارەی هەرێمیو ناوخۆشەوە، پارێزگاری لە کەمینەکان بکات، پێوستە حکومەتی ناوەندی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ بخاتە گەڕ بۆ زانینی بەرپرسیارانی هەڵمەتە دڵتەزێنەکانی کوشتن کە 40 کوژراوی مەسیحی کلدۆ – ئاسوری و 12.000 ئاوارەی لەدوای خۆیەوە جێهێشت. پێوستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی عیراق بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤی کەمینەکان کە دەدرێنە پاڵ بەرپرسە کوردو عەرەبەکان.

## بەرنامەی کار

راپۆرتەکە لەسەر بناغەی مەئموریەتێکی سێ هەفتەیی گەڕان بەدوای راستییەکاندا لە شارەکانی باکوری عیراق، هەولێر، سلێمانی، هەروەها شارۆچکە یان گوندەکانی قەرەتەپە، تەل ئەسقەف، ئەلقۆش، بەعشیقە، هەروەها بەرتەڵە، لە شوباتی 2009 دا ئەنجامدراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکان دژی گروپە کەمینەکان لە ناوچە جێناکۆکیەکانی دەشتی نەینەوا. هیومان رایتس ۆچ لەبەر هۆی ئەمنی نەچووە شارەکانی موسڵ یان شەنگار.

هیومان رایتس ۆچ دیمانەی 57 ژنو پیاوی کۆمەڵەکانی کلدۆ – ئاسوری، یەزیدی، شەبەکی کرد، هەم بە تەنهاو هەم بە گروپیش. دیمانەکان بە زۆری بە زمانی عەرەبی بوون، لەگەڵ وەرگێرێکدا، ئەو کەسانەی بۆ دیمانە دەستنیشانکران بە زۆری بە یارمەتی رێکخراوە ناحکومییە عیراقیو نێودەوڵەتییەکان بووە، ئەوانەی خزمەتی گروپە کەمینەکان دەکەن. زیاد لەوەش، هیومان رایتس ۆچ دیمانەی تەلەفونیشی کردووەو راوێژی دەربارەی ئەو بەڵگەنامە رەسمییانە کردووە کە نوێنەرانی کەمینەکان خستویانەتە روو. هەموو دیمانەکراوەکان لە مەبەستی دیمانەکە، مۆرکی خۆبەخشانەی، ئەو رێگایانەی کە لێیانەوە داتاکان کۆدەکرێنەوەو بەکاردەهێنرێن ئاگادارکراونەتەوەو رەزامەندی

زارەكیشیان لێوەرگیراوە. هەندێك لە ناوەكانو ئەو زانیارییانەش كە دەبنە هۆی ناسینەوەی زۆرێكیان لەبەر مەسەلەی ئاسایشی شەخسییان ئاشكرا نەكراون.

راپۆرتەكە پشتی بە چەند كۆبونەوەیەكیش بەستووە لە هەولێر لەگەڵ گەورە بەرپرسانی كورد، وەك خەسرەو گۆران، جێگری پێشووی پارێزگاری نەینەوا، كەریم شەنگاری وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان، عەدنان موفتی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، یوسف محەمەد عەزیز، وەزیری مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان، محەمەد ئیحسان وەزیری كاروباری ناوچەكانی دەرەوەو نوێنەری هەرێمی كوردستان لە كۆمیتەی جێبەجێكردنی مادەی 140، هەروەها سەعدی ئەحمەد پیرە، سەرۆكی پەیوەندییە گشتییەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان. ئەو كۆبونەوانە دەرفەتیان بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان رەخساند وەڵامی دەرەنجامە سەرەتاییەكانی هیومان رایتس ۆچ بداتەوەو تێروانینەكانیان لە راپۆرتەكەدا تۆماركراون. هیومان رایتس ۆچ دیمانەی ئەندامانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی نەینەوا، قوسەی عەباسو خودێدە خەلیفە عیدوشی كرد كە لە هەڵبژاردنی 2009 ی پارێزگادا كورسییەكانی كۆتای كەمینەی شەبەكو یەزیدییەكانیان بردۆتەوە.

# I. پێوەرە یاساییە پەیوەندیدارەکان

## *ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافەکانی کەمینەکان*

لە ساڵی 1932 دا عیراق لە میانی سەربەخۆبوونو پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵی گەلانەوە، رایگەیاند کە مافی کەمینەکان دەپارێزێت – کە یەکەمین دەوڵەتی نائەوروپییە ئەوە رابگەیەنێت. لەگەڵ پێکهێنانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دوابەدوای یەکەمین جەنگی جیهان، کۆمەڵی نێودەوڵەتی دانی نا بە لاوازیی کەمینەکان لە سەرانسەری جیهانداو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا. لە کانونی یەکەمی 1948 دا ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیماننامەی رێگەگرتنو سزادانی تاوانی جینۆسایدی پەسەند کرد[1]. پەیمانەکە هی تریشی بەدوادا هات بۆ چەسپاندنی تۆکمەی مافەکانی کەمینەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا. لە ساڵی 1971 دا، عیراق لە یەکەمینی ئەو دەوڵەتانە بوو کە پەیمانی نێودەوڵەتی مافە مەدەنیو سیاسییەکانی پەسەندکرد[2]. مادەی 26 ی پەیمانەکە جیاکاریی بەرمەبنای رەچەڵەك، ئایین، زمان، قەدەغە دەکات، هەروەها مادەی ژمارە 27 بەشێوەیەکی تایبەتی تەرخانە بۆ مافەکانی کەمینەکان: "لەو دەوڵەتانەدا کە کەمینەی نەژادی، ئاینی، یان زمانەوانی هەن، نابێت ئەو کەسانەی سەر بەو کەمینانەن لە مافی ئەوە بێبەریی بکرێن، کە لە کۆمەڵو لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گروپەکانیاندا، کەلتوری خۆیان بەکاربهێنن، مومارەسەی ئایینی تایبەتی خۆیان بکەن، یان زمانی خۆیان بەکاربهێنن."

عیراق ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کاربکات بۆ پاراستنی مافەکانی کەمینەکان لەتوێی پەیمانە بەرچاوەکانی دیکەی یوئێنەوە، وەك پەیماننامەی نێودەوڵەتی دەربارەی نەهێشتنی هەموو فۆرمەکانی جیاکاری رەچەڵەك[3] و پەیماننامەی مافەکانی منداڵ[4]. ئەمەی دواییان بەشێوەیەکی تایبەتی پێویستی بە فێرکردنی منداڵە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرەو گەشەپێدانی ...شوناسی کەلتوریی، زمانو بەهاکانی خۆی ئاڕاستەبکرێت" منداڵی کەمینەی ئاینی مافی ئەوەی پێبدرێت "سود لە کەلتورەکەی خۆی وەربگرێتو [هەروەها] ئاینی خۆی ئاشکرابکاتو مومارەسەی بکات"[5].

لەپاڵ ئەوەشدا، ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند راگەیاندنێکی بەرێخستووە کە بە باشترین شێوە پیادەکارییەکانی ستانداردەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ پاراستنی کەمینەکان ڕووندەکەنەوە. لە راگەیاندنی ئەنجومەنی

---

[1] پەیمانی جینۆساید بە بڕیاری ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە **9** کانونی یەکەمدا پەسەندکراو لە **12** ی کانونی دووهەمی **1951** دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

[2] پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنیو سیاسییەکان لە **16** ی کانونی یەکەمی **1966** دا پەسەندکرا.

**GA. Res. 2200A (XXI), 21 U.N. GAOR Supp. (No. 16) at 52, U.N. Doc. A/6316 (1966), 999 U.N.T.S. 171** لە **23** ی ئاداری **1976** دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوەوە عیراقیش لە **25** ی کانونی دووهەمی **1971** پەسەندی کردووە.

[3] پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری نەژادی، لە **21** ی کانونی یەکەمی **1965** دا پەسەندکرا.

**G.A. Res. 2106 (xx), annex, 20, U.N. GAOR Supp. (No. 14) at 47, U.N. Doc. A/6014 (1966), 660 U.N.T.S. 195**, لە **4** ی کانونی دووهەمی **1969** دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، عیراقیش لە **14** ی کانونی دووهەمی **1970** دا پەسەندی کردووە.

[4] پەیمانی مافەکانی منداڵ لە **20** ی تشرینی دووهەمی **1989** پەسەندکرا.

**(G.A. Res. 44/25, annex, 44 U.N. GAOR Supp. (No. 49) at 167 U.N. Doc. A/44/49 (1989** لە **2** ی ئەیلولی **1980** دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوەو عیراقیش لە **15** ی حوزەیرانی **1994** دا پەسەندی کردووە.

[5] سەرچاوەی پێشوو، مادەی **29** و **30**.

گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربارەی بنەبڕکردنی هەموو شێوەکانی هەڵنەکردنو جیاکاریی بەرمەبنای ئایین یان باوەڕ (1981)، "ئازادی ئایندار بوون... هەروەها ئازادی ... ئاشکراکردنی ئایین یان باوەڕەکەی لە پەرستش، دابو دەستورەکان، پیادەکردنو فێرکردندا" پارێزراوە هەروەها "ناچارکردنێك کە ببێتە هۆی نەهێشتنی ئازادییەکەی" قەدەغەکراوە[6]. بەشێوەیەکی تایبەتیتریش، کۆبونەوە بۆ پەرستش، دابو دەستورەکان، پشووە ئاینییەکان، دروستکردنو پاراستنی بیناکانی پەرستش، بەدەستهێنانی کەلوپەلی بەکارهێنراو لە سروتە ئاینییەکاندا، فێرکردنە ئاینییەکانو دیاریکردنی سەرکردە ئاینییەکانو پیتاك کۆکردنەوە بۆ ئایین، هەروەها پەیوەندیگرتن لەگەڵ هاوئاینەکاندا، هەموویان چەند چالاکیگەلێکن دەچنە چوارچێوەی پاراستنی ئازادیی ئایینەوە[7]. بەپێی راگەیاندنەکەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی مافەکانی ئەو تاکانەی سەر بە کەمینە نەتەوەیی یان نەژادی، ئاینی یاخود زمانەوانیین (1993)، دەوڵەتەکان ناچارن کەمینەکان بپارێزن بە "گرتنەبەری رێوشوێنەکانی خوڵقاندنی رەوشی پەسەند بۆ ئەوەی کەسەکانی سەر بە کەمینەکان بتوانن گوزارشت لە خاسیەتەکانیان بکەنو پەرەبدەن بە کەلتوریان، زمانیان، ئاینیان، دابونەریتەکانیان."[8] راگەیاندنەکە ئەوەش دەڵێت کە پێویستە دەوڵەتەکان شوناسی کەمینەکان لەناو هەرێمەکانی خۆیاندا بپارێزن بەوەی هانی "رەوشەکانی پێشحستنی ئەو شوناسە" بدەن، هەروەها رێو شوێنەکانی رەخساندنی بوار بۆ ئەندامانی کەمینەکان تا "بەتەواوەتی بەشداریی لە گەشانەوەی ئابوریو پێشخستنی وڵاتەکەیاندا بکەن."[9] دەڵێت کەمینەکان مافی ئەوەیان هەیە دامەزراوەی خۆیان دابمەزرێننو ئاگادارییان بکەن. هەروەها کەمینەکان "مافی ئەوەیان هەیە چالاکانە لە بڕیارداندا لەسەر ئاستی نیشتمانی، ئەگەر پێویستیشی کرد، لەسەر ئاستی هەرێمایەتی دەربارەی کەمینە، بەشداریی بکەن."[10].

پاراستنی مافی کەمینەکان لەوەش زیاتر لە یاسای نێودەوڵەتیدا ئاوێتەکراوە، ئەویش لە توێی ئامڕازە هەرێمییەکانەوە، وەك چوارچێوەی پەیمانی ئەنجومەنی ئەوروپایی بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکانو بڕیارنامەی ئەوروپایی بۆ زمانی کەمینەکان، هەروەها بڕیارنامەی عەرەبی دەربارەی مافەکانی مرۆڤ[11]. بڕیارنامەی عەرەب لە لایەنی ئەنجومەنی کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە لە 2004 دا پەسەندکراوە، دەڵێت کە "نابێت کەمینەکان بێبەرییبکرێن لە مافەکانیان بۆ خەریکبوونی کەلتورەکانیان یان شوێنکەوتنی دابودەستورەکانی ئایینەکانیان."[12] زیاد لەوەش بڕیارنامەکە نکولیکردن لە مافەکانی تاکەکان بەهۆی رەچەڵەك، رەنگ، رەگەز، ئایین، بۆچوونی سیاسی،

---

[6] جاڕنامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی نالێبوردەییء جیاجاري بەرمەبنای ئایین یان باوەڕ، G.A. res. 36/55, 36 U.N. GAOR Supp. (No. 51) at 171, U.N. Doc. A/36/684 (1981)، مادەی 1.

[7] سەرچاوەی پێشوو، مادەی 6.

[8] جاڕنامەی مافەکانی تاکەکانی سەر بە کەمینە نەتەوەیی یان نەژادا، ئاینی یان زمانی، G.A. res. 47/135, annex, 47 U.N. GAOR Supp. (No. 49) at 210, U.N. Doc. A/47/49 (1993), art. 4. مادەی 4.

[9] سەرچاوەی پێشوو، مادەی 1 و 5.

[10] سەرچاوەی پێشوو، مادەی 2.

[11] پەیماننامەی چوارچێوەی کار بۆ پاراستنی کەمینە نیشتمانییەکان، لە 1 ی شوباتی 1995 دا پەسەندکرا لە 1 ی شوباتی 1998 دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، پەیمانی ئەوروپی بۆ زمانە هەرێمییەکان یان کەمینەکان، لە 11 ی مایسی 1992 دا پەسەندکرا و لە 3 ی کانونی دووهەمی 1998 دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، پەیمانی عەرەبی هەموارکراو دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، 22 ی مایسی 2004، لە 12 Int'l Hum. Rts. Rep. 893 (2005) چاپکرایەوە.

[12] پەیمانی عەرەبی، مادەی 25.

ڕەگوریشەی کۆمەڵایەتیو نەتەوەیی، موڵکایەتی، لە دایکبوون یان هەر ڕەوشێکی تر و هەر جیاکارییەك لە نێوان پیاوانو ژناندا قەدەغە دەکات."[13] عیراقیش یەکێکە لە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکان.

## ستاندارەدە نێشتمانییەکانی پاراستنی مافی کەمینەکان

دەستوری عیراق کە لە تشرینی یەکەمی 2005 دا پەسەندکرا، چەندین کۆتو پێوەندی جیاجیای داناوە کە گەرەنتی مافی کەمینەکان دەکەن. دەستورەکە بەشێوەیەکی تایبەتی "گەرەنتی تەواوی مافە ئاینییەکانی وەك باوەڕو وەك مومارەسەکردنیش بۆ هەموو تاکەکانی مەسیحییەکان، یەزیدییەکان، سابیئە مەندائیەکان."[14] کردووە. مادەی 3 بە ڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێت کە عیراق وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرە ئایینو فرە تایفەیە[15]. مادەی 4 گەرەنتی مافی خوێندنی منداڵان بە زمانی دایکی خۆیان دەکات (وەك تورکمان، سریان، ئەرمەنەکان)[16]. بەپێی مادەی 14 هەموو عیراقییەکان "لەبەردەمی یاسادا یەکسانن بێ جیاکاری بەرمەبنای ڕەگەز، ڕەچەڵەك، نەژاد، نەتەوە، بنەچە، ڕەنگ، ئایین، تایفە، باوەڕ یان ڕاوبۆچوون، یاخود ڕەوشی ئابوریو کۆمەڵایەتی."[17]

## دەستوری عیراقو ناوچە جێناکۆکییەکان

دەستور باس لەوە دەکات کە پێویستە یاسای نیشتمانی "گەرەنتی هەموو مافە ئیداری، سیاسی، کەلتورەو پەروەردەییەکانی نەتەوە جیاجیاکانی وەك تورکمان، کلدان، ئاسورییەکانو پێکهاتەکانی تریش بکات."[18]

دەستور زمانی مادەی 58 ی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی وەردەگرێت، کە ئەو هەنگاوانە دیاریدەکات کە پێویستە حکومەت بیانگرێتە بەر بۆ "ڕاستکردنەوەی ئەو نادادپەروەرییەی بەهۆی کردەوەکانی ڕژێمی پێشووەوە ڕوویانداوە بۆ گۆڕینی خاسیەتی دیمۆگرافی چەند ناوچەیەکی دیاریکراو، بە کەرکوکیشەوە، ئەویش بە ڕاگوێزانو دەرکردنی تاکەکان لە شوێنی نیشتەجێی خۆیان، ناچارکردنیان بۆ ئەوەی ڕەوبکەن بۆ دەرەوەی ناوچەکە، نیشتەجێکردنی تاکەکان لە شوێنی نامۆ بەخۆیان، بێبەریکردنی دانیشتوان لە کارکردن، هەروەها ڕاستکردنەوەی نەتەوەکانیان." ئێستا ئەم هەنگاوانە لە مادەی 140 ی دەستوردا تۆمارکراونو ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:[19]

- دانیشتوانی دوورخراوەو ڕاگوێزراو بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیانو موڵکاکانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، لە هەرشوێنێك ئەمە قابیلی جێبەجێکردن نەبوو، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە قەرەبوبکرێنەوە،[20]

---

[13] سەرچاوەی پێشوو، مادەی **2**.

[14] دەستوری کۆماری عیراق، **2005**، مادەی **2(2)**. شوناسی مەسیحییە کلدۆ – ئاسورییەکانو یەزیدییەکانو هەروەها شەبەکەکانیش، لە بەشی دووهەمدا ڕوونکراوەتەوە. سابیئە مەندائییەکان، یۆحەنای ئاوەشۆرکەر بە پەیامبەری سەرەکی خۆیان دادەنێنو سەر بە یەکێك لە دێرینترین ئایینە گنوسییەکانی جیهان دادەنرێت، دەگەڕێتەوە بۆ شارستانێتی میزۆپۆتامیا.

[15] سەرچاوەی پێشوو.

[16] سەرچاوەی پێشوو.

[17] سەرچاوەی پێشوو.

[18] سەرچاوەی پێشوو. مادەی **125**.

[19] سەرچاوەی پێشوو. مادەی **140**، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گوێزانەوەدا، ئاداری **2004**، مادەی **58**.

[20] یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گوێزانەوەدا، مادەی **58(أ)(1)**.

- زیادکردنی دەرفەتی کاربۆ ئەو کەسانەی پێشتر لە دامەزراندن یان هەر شێوەیەکی دیکەی پشتیوانیکردن بێبەریکرابوون بۆ ئەوەی ناچاربکرێن بەرەو دەرەوەی ناوچەکانیان رەوبکەن،[21]
- پووچەڵکردنەوەی هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە "راستکردنەوەی نەتەوە"وە هەیەو رەخساندنی بوار بۆ ئەو کەسانەی زیانیان لێکەوتووە تا مافی پێوەستیی نەژادیی خۆیان بەشێوەیەکی ئازادانەو بێ ناچارکردنو زۆرلێکردن دیاری بکەن[22]
- دامەزراندنی داوەری بێلایەن بۆ ئەوەی چەند راسپاردەیەك دەربارەی سنورە ئیدارییەکان پێشکەشبکات کە لە لایەنی رژێمی رابردووەوە دەسکارییان کراوە،[23] هەروەها
- ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی شەفافـو نەزیهانەو بەدواشیدا ریفراندیۆمێك لە کەرکوكو ناوچە جێناکۆکییەکانی تریش بکات "بۆ زانینی ئیرادەی دانیشتوانەکانیان" لە بەروارێکدا کە لە 31ی کانونی یەکەمی 2007 دوانەکەوێت[24] (وەك لە بەشی 2 دا باسکراوە، ئەو ریفراندیۆمەی ئاماژەی بۆ کراوە تا ئێستا ئەنجامنەدراوە.)

---

[21] یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گوێزانەوەدا، مادەی 58(أ)(3).

[22] یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گوێزانەوەدا، مادەی 58(أ)(4). سیاسەتی بە عەرەبکردنی حکومەتەکەی سەدام حسێن، کە هەتا نیسانی 2003 بەردەوامیی هەبوو، گەلێك کوردو غەیرە عەرەبەکانی تری لە چەند بەشێکی باکوری عیراق ناچارکرد شوناسی نەژادیی راگەیەندراوی خۆیان بگۆڕن (بەشێوەیەکی باو پێیوتراوە "راستکردنەوەی نەتەوە") بۆ عەرەب بەپێچەوانەوە دووچاری راگوێزران لەماڵەکانیان دەبوون. بڕوانە بەشی دووەم.

[23] یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە ماوەی گوێزانەوەدا، مادەی 58(ب)

[24] "ئاساییکردنەوە" بە لابردنی نیشتەجێ عەرەبەکانو گەڕانەوەی ئەو کوردانەی لە لایەن رژێمی پێشووەوە وەك بەشێك لە سیاسەتی بەعەرەبکردن دەرکرابوون. دەستور، مادەی 140(2).

# II. پێشینه

ویلایەتی نەینەوا کە چەندین سەدەیە عەرەب، کورد، ئاسوری، یەزیدیو شەبەکی لێدەژی، مۆزایکێکی دەستەجەمی پێکهێناوە. ژمارەیەکی زۆری پەرستگا دێرینەکان، کەنیسەکان، مزگەوتەکان لە نزیکی یەکترییەوە لە گوندە دراوسێکانی دەشتەکانی باکورو خۆرەڵاتی موسڵ گەواهی فرەیی و دەوڵەمەندی نەژادیو ئاینیی ویلایەتەکەیە.

*تێبینییەك دەربارەی شوناسەکان*[25]
نزیکەی دوو لەسەر سێی مەسیحییەکانی عیراق کلدانیین (پێڕەوی خۆرەڵاتی کەنیسەی کاسۆلیك) هەروەها نزیکەی سێیەکێشیان ئاسورین (کەنیسەی خۆرەڵات)[26] کلدانییەکان لە ئەنجامی زنجیرەیەکی دوورو درێژی ململانێ لە کەنیسەی ئاسوری جیابوونەوە[27]. کلدۆ- ئاسورییەکانیش لە نەوەی دانیشتوانی میزۆپۆتامیان، خەڵکانی پیشەسازو وەرزێری سەربەخۆن.

یەزیدییەکان خاوەنی ئاینێکی تەمەن 4000 ساڵەن کە لە دەوری مەلەك تاوس کۆبونەتەوە. بەشی زۆری یەزیدییەکان پاڵەو جوتیاری نەدارو شوانن کە کۆمەڵێکی مەیلەوداخراویان هەیە. لە مێژوودا بەهۆی بیروباوەڕەکەیانەوە دووچاری چەوساندنەوەیەکی زۆر بوون، لەبەرئەوەی بە هەڵە بە شەیتانپەرست لەقەڵەمدراون.
شەبەکەکان کەمینەیەکی نەژادیو کەلتوریین لە موسڵو چەند گوندێکی خۆرەڵاتی شارەکە لە نەینەوا دەژین. زمانەکەیان تێکەڵەیەکە لە زمانی تورکی، فارسی، کوردیو عەرەبی. نزیکەی 75% ی گروپەکە شیعەنو باقییەکەشیان سوننەن. لە سەرەتای سەدەی شازدهەمەوە شەبەکەکان لە عیراق نیشتەجێن، ئیمڕۆ بەشی زۆریان جوتیارن. لە ساڵی 1952 هوە وەك گروپێکی نەژادی عیراق ناسراون.

## بەعەرەبکردن

لە 1930 یەکان بەدواوەو بەشێوەیەکی تایبەتی لە حەفتاکانو هەشتاکانو نەوەدەکاندا، حکومەتە ناوەندییەکانی بەغدا هەوڵیانداوە پێکهاتەی نەژادی باکوری عیراق بگۆڕن بە وەدەرنانی سەدان هەزار کوردو کەمینە نەژادییەکانی تر لە

---

[25] کریس چاپمانو پێرتی تانیجا، تمیمی نێودەوڵەتی مافەکانی کەمینەکان "پەنابەرێتی نادڵنیا، گەڕانەوەی مەترسیدار: کەمینە ریشەکێشکراوەکانی عیراق" **24** ی ئەیلولی **2009**،
**http://www.minorityrights.org/8132/reports/uncertain-refuge-dangerous-return-iraqs-uprooted-minorities.html** (بەرواری سەردان، **25** ی ئەیلولی **2009**)، تیمی نێودەوڵەتی مافەکانی کەمینەکان "رێنمای جیهانیی کەمینەکانو گەلە رەسەنەکان – تێڕوانینێك لە عیراق،" نیسانی **2008** **http://www.minorityrights.org/5726/iraq/iraq-overview.html** (بەرواری سەردان **22** ی ئەیلولی **2009**.) وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "راپۆرتی نێودەوڵەتی ئازادی ئایینی، **2008**،" **http://www.state.gov/g/drl/rls/irf/2008/108483.htm** (بەرواری سەردان **22** ی ئەیلولی **2009**).

[26] بەشی زۆری باقی مەسیحییەکانی عیراق سریانین (ئارسۆدۆکسی خۆرەڵات)، کەنیسەی رەوسلیی ئەرمەنی یان ئەرمەنی کاسۆلیك، ئەنگلیکانی، یان باوەڕە پرۆتستانتییەکان.

[27] وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "راپۆرتی نێودەوڵەتی ئازادی ئایینی، **2008**،" **http://www.state.gov/g/drl/rls/irf/2008/108483.htm**. شوناسی مەسیحییەکان لە عیراق تا رادەیەك ناروونە، نەنانەت ئەندامانی یەك خێزانیش خۆیان بردەوە سەر لقە جیاجیاکان.

ماڵەکانیانو و ناوچەکانیان بەو عەرەبانە پڕکردەوە کە لە ناوەڕاستو باشوری عیراقەوە دەهێنران.[28] سیاسەتی حکومەت بە بە عەرەبکردن ناسراوە (تەعریب) لە نیوەی دووهەمی 1970 کانەوە توندتر کراوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی دانیشتوانی کەمینەکان کە دەسەڵات گومانی لە دڵسۆزییان هەبوو لەو ناوچە ستراتیجییەدا. حکومەت وەڵامی یاخیبوونی کوردی بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی چڕ بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دیموگرافی باکوری عیراق، دایەوە، بە تایبەتی ناوچەکانی سەر سنوری تورکیاو ئێران (بڕوانە نەخشەکە). حکومەت هێزی سەربازی و تۆقاندنی وەك میتۆدی بنچینەیی بەکارهێنا: ئەو سیاسەتانە هەموو ئەو گوندە غەیرە عەرەبانەی چۆڵ کردو بە شۆفڵ هەموویان تەختکران. لە کۆتایی 1970کاندا حکومەتی عیراق بە زۆرملێ لانیکەم چارەکە ملیۆنێك کوردو غەیرە عەرەبەکانی راگوێزابوو.

حکومەت بەردەوامییدا بە کردەوەی دەرکردنی بێبەزەییانەو سیمایەکی یاساییشی پێدان بۆ ئەوەی ئاوارەکردنەکە بچەسپێنێت. سەرەتا حکومەت بەڵگەنامەکانی موڵکایەتی ئەو ئاوارە غەیرە عەرەبانەی پووچەڵکردەوە، بە زۆرییش بەشێوەیەکی رووکەشییانەو بێ قەرەبووکردنەوە ئەوکارەی کرد. حکومەت زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆماڵی کردەوەو کردنی بە موڵکی دەوڵەتی عیراق. پاشان هەڵمەتێکی بەرفراوانی بەرپاکرد بۆ نیشتەجێکردنەوەی غەیرە عەرەبەکان لەگەڵ جوتیارە عەرەبەکاندا لە شوێنەکانی دیکەی عیراق، بەوەش پرۆسەی بەعەرەبکردنەکەی تەواوکرد. دۆزینەوەی خەڵکیش بۆ نیشتەجێکردنیان لە جێگاکانی ئەوان کارێکی زەحمەت نەبوو: باشوری خۆراوای موسڵ بیابانی فراوانی جزیرەیەو زێدی سەدان هەزار کۆچەریی عەرەبی سوننەی خێڵەکییە، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان پشتیوانییان لە حکومەت کردووە. خەڵکە خێڵەکییەکەی جزیرە دەمیان چەورکرا بە زەوی ئاودێریی ئازادو لە لایەنی شێخەکانیانەوە هاندرانو ئەوانیش شوێنە سەختەکانی ژیانی خۆیان لە بیابان جێهێشتو بە کۆمەڵ گوێزایانەوە بۆ باکور. گەرچی ئەو خاکە بە موڵکی حکومەت راگەیەندرابوو، بەڵام بە گرێبەستی ساڵانە رادەستی عەرەبە جوتیارە نوێیەکان کرانو بە تەنها هەر بۆ ئەوان ئەم کارە کرا.

## ***هەڵمەتی ئەنفال***

لەکۆتایی ساڵانی 1980، لە دەوروبەری کۆتایی شەڕی هەشتساڵە لەگەڵ ئێران، هێزەکانی عیراق هەڵمەتە بەدناوەکەی ئەنفالیان دژی یاخییە کوردەکان بەرپاکرد – ئەمە هەڵمەتێك بوو کە گەیشتە ئاستی جینۆسایدکردن[29]. لە هەڵمەتەکەدا بۆردومانکردنی ئاسمانی، هێرشی زەمینی، وێرانکردنی گوندەکان، راگوێزانی بەکۆمەڵ، هەروەها چەکی کیمیاوی بەکارهێنران. ئەنجامی ئەنفال بریتیبوو لە بێسەروشوێنبوونی نزیکەی 100,000 کورد. لە دوای رمانی حکومەتی پێشووەوە، لە ناوچەی جیاجیای عیراقدا، تەرمی زۆرێك لەوانە لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە. کردەوەی ئەنفال کە لە ئەیلولی 1988 دا راگەیەندرا، کوردستانی عیراقی وێران کرد. رێژەیەکی گەورەی دانیشتوانەکەی ئاوارەکران، ئەمانەو ئەوانەش کە رزگاریان ببوو بواریان پێنەدرا بگەڕێنەوە بۆ گوندە وێرانکراوەکانیان.

---

**28** زانیارییەکانی ئەم بەشە تا رادەیەکی زۆر لە زنجیرەیەك راپۆرتەوە کورتکراونەتەوە کە هیومان رایتس ۆچ بەرهەمی هێناون دەربارەی نەهامەتی کەمینەکان لە باکوری عیراق, بڕوانە: هیومان رایتس ۆض، داواکارییةکان لة ململانێدا: راستکردنةوةی شوێنةوارةکانی ئاکتاوی نةذادی لة باکوری عیراق، بةرطی **16**، ذمارة **4**(E) ئابي **2004** **http://www.hrw.org/sites/default/files/reports/iraq0804.pdf;** . هیومان رایتس ۆض عیراق - راطویَزانی زۆرةملیَي کةمینة نةذادییةکان، بةرطی **15**، ذمارةی **3** (E) ئاداری **2003**، **http://www.hrw.org/sites/default/files/reports/Kirkuk0303.** هةروةها جینۆساید لة عیراق: هةلَمةتی ئةنفال دذی کورد (نیۆرك: هیومان رایتس ۆض، **1993**) **http://www.hrw.org/legacy/reports/1993/iraqanfal/.**

[29] ئەنفال (دەسکەوتی شەڕ) لە سورەتی هەشتەمی قورئانەوە خواستراوەتەوە، کە بە رەسمی ناوێك بوو لە لایەنی حکومەتەوە بەکارهات بۆ زنجیرەیەك کردەوەی سەربازی لە **23** ی شوباتەوە تا **6** ی ئەیلولی **1988** یان خایاند·

دوای ڕاگەیاندنی لێبوردن، هەندێك لە ئەندامانی كەمینەكان كە لەگەڵ كورددا هەڵاتبوون، خۆیان تەسلیمی هێزەكانی عێراق كردو بێسەروشوێن كران ـئەگەری ئەوە هەیە ڕووبەڕووی هەمان چارەنوس بووبنەوە كە ئەوانەی لە ئەنفالدا دەستگیركران بەسەریان هاتو ڕەوانەی ناوچە دووردەدەستەكانی بیابان كران، كۆمەڵكوژ كرانو خرانە گۆڕی بەكۆمەڵەوە[30]. بەرپرسانی عێراق ئەوانەیان بە خائین داناو بە "خراپتر لە كورد" لەقەڵەمیاندان ـ نەك تەنها لەبەرئەوەی وەك كورد ڕەفتاریان كرد، بەڵكو لەبەرئەوەش كە بە هەوڵەكانی حكومەت بۆ تۆماركردنی نەژادی ئەوان وەك "عەرەب، ڕازی نەبوون"[31].

## *بەردەوامبوونی بەعەرەبكردن دوای 1991 یش بە "ڕاستكردنەوەی" نەتەوەشەوە*

ئەوكاتو لە كۆتایی یەكەمین جەنگی كەنداوەوە لە 1991 دا زۆرینەی ناوچە كوردییەكانی باكوری عێراق لە دەرەوەی كۆنترۆڵی بەغدادا بوون. بە عەرەبكردن لە باشوری ئەو هێڵە نافەرمییەوە بەردەوامبوو كە بە هێڵی سەوز ناسرابوو: لە ماوەی 1990 ەكاندا، حكومەتی عێراق نزیكەی 12,000 كەسی لە كەركوكو ناوچەكانی تری ژێر كۆنترۆڵی حكومەتەكەی وەدەرنا. ئەم سیاسەتە هات رووخانی رژێمەكەی سەدام حسێن لە نیسانی 2003 دا برەوی هەبوو.

یەكێكی تر لە پایەكانی بەعەرەبكردن سیاسەتەكەی حیزبی بەعس بوو، كە بەفەرمی لە 1997 دا ڕاگەیەندرا. لەو سیاسەتەدا حكومەت فشاری خستە سەر كوردو غەیرە عەرەبەكانی ناوچەكانی ژێر كۆنترۆڵی حكومەت وەك كەركوك، خانەقین، مەخمور، شەنگار، دوزخورماتو، هەروەها چەند ناوچەیەكی تریش بۆ "ڕاستكردنەوە"ی نەتەوەكانیانو تۆماركردنیان بە "عەرەب" لەو فۆرمانەدا كە لە لایەن حكومەتەوە بەسەریاندا دابەشكراو بە فۆرمی ڕاستكردنەوەی نەتەوە ناسرابوون. حكومەتی عێراق ئەوەشی ڕەتكردەوە كە لەدایكبوانی نوێی كورد یان غەیرە عەرەبەكان ناوی نەژادییانەی خۆیانیان لێبنرێت[32]. ئەوانەی نەتەوەی خۆیان "ڕاستكردەوە" ناچاركران دەستبدەنە چالاكی دڵسۆزانە بۆ ڕژێم وەك خۆبەخشین بە هێزە نیمچە سەربازییەكان. حكومەت بە ئاسانی فەرمانی ڕاگوێزرانی بۆ ئەو خێزانانە دەركرد كە ملیان نەدەدا بۆ داواكانی، دوای لێكردن ماڵەكانیان چۆڵ بكەنو ڕووبكەنە ئەو ناوچانەی لەژێر كۆنترۆڵی كورددا بوون.

## *میراتی بەردەوامی ئاوارەبوون*

خێزانە دەركراوەكانی سیاسەتی بە عەرەبكردنو هەڵمەتی ئەنفالو كردەوەكانی دیكەی توندوتیژی كە بەزۆریی لەناو كەمپە زۆر قەرەباڵەغەكاندا لەو ناوچانەی دەكەونە هەرێمی كوردستانی ئێستاوە، سەرەنجامیان بە هەژاریی‌و نەدارییەكی سەخت دەگەیشت. نەهامەتی خێزانە كوردییە ڕاگوێزراوەكان، كە زۆربەیان بەهیوای گەڕانەوەن بۆ

---

[30] بڕوانە: جینۆساید لە عیراق: هەڵمەتی ئەنفال دژی كورد ل ل **315** – **317**

[31] سەرچاوەی پێشوو.

[32] لە نیسانی **2002** دا لە نامەیەكدا بۆ بڕیاردەری نەتەوە یەكگرتووەكان دەربارەی عیراق، حكومەتی عیراق پاساوی ڕێگەنەدان بەوەی تازەلەدایكبووان بە "ناوی بیانی"یەوە ناوبنرێت، دەڵێت: "هەندێك لە دایكو باوكان ناوی بیانی لە منداڵەكانیان دەنێن كە بە میراتی كەلتورییانەی كۆمەڵگای عیراقی نامۆن، بەوەش هەڵگری ناوەكان ڕووبەڕووی سەرسوڕمانو پرسیاری ئیحراجكەر دەبنەوە دەربارەی مانای ناوەكانیان، كە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە ئاسایی نین. لەبەر ئەم هۆیە، بڕیاردرا كە پێویستە ناوەكان یان عیراقی بن یاخود عەرەبی یان ئیسلامی"، بڕوانە هیومان رایتس وۆض عیراق - راطویَزانی زۆرةملیَي كةمینة نةذادییةكان. ل ل **16** – **17**.

گوندەکانی باوباپیرانیان، تا ئێستا نیشانەیەکی بەرچاوی ئەو نادادپەروەرییەیە کە کورد لە سایەی رژێمەکانی پێشووی عیراقدا چەشتویەتی، هەروەها خاڵێکی بنەڕەتی نەتەوەییشە بۆ داواکردنەوەی ئەو خاکەی لەدەستیانداوە[33]. سەرنەکەوتنی دەسەڵاتدارانی عیراق، کورد، نێودەوڵەتی لە وەڵامدانەوەی خواستەکانی ئەم هەزاران کوردە راگوزێزراوانە رێژەیەکی زۆر بۆ گرژییەکانی باکوری عیراقی زیادکردووە.

### ***داگیرکردن‌و شەڕی ناوخۆ***

دوای داگیرکردنی عیراق بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی 2003 دا، جەنگاوەرە کوردەکان (پێشمەرگە) پێ بەپێی هێزەکانی ئەمریکا، بەرەو ویلایەتی نەینەوا بەرێکەوتن، کە دەکەوێتە باشوری هێڵی سەوزەوە[34]. زۆربەی ئەو عەرەبانەی وەك بەشێك لە هەڵمەتی بەعەرەبکردن هاتبوونە ناوچەکە، بەخێرایی ماڵەکانیان چۆڵکردو هەڵاتن، بە هەزارانیان ئاوارە بوون. لەو گوندانەی عەرەبە سوننەکانی لێبوون (بەو گوندانەشەوە کە خۆیان هەر لەوێ ژیاون) گرژیی نەژادیی گڕیگرت.

زۆری پێنەچوو لە ناوەڕاست‌و باشوری عیراق شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی تایفەگەرا لە نێوان سوننەو شیعەدا هەڵگیرسا. لە هەمانکاتیشدا، سەرکردایەتی کورد بە خێرایی هێزی سەربازی‌و سیاسی‌و کەلتوری خۆی بەسەر ناوچە جێناکۆکییەکاندا لە باکوری عیراق قاییم کرد، هێزی پێشمەرگەی بەکارهێنا بۆ دابینکردنی ئاسایش‌و بیناکردنی بونیادێکی ئیداریی‌و سیاسی کوردی لەو ناوچەیەدا (حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتە راکێشانی دڵی کەمینەکان بەلای خۆیدا بە دابینکردنی پاسەوانی وەك لە خوارەوە باسکراوە).

دوای ساڵی 2007 و لەگەڵ هێوربوونەوەی توندوتیژی تایفی لە عیراقدا، سەرکردەکانی سوننەو شیعە بۆیاندەرکەوت کە لەکاتێکدا ئەوان شەڕی یەکتریان دەکرد، سەرکردایەتی کورد کۆنترۆڵی خۆی بەسەر بەشێکی زۆری ناوچە جێناکۆکییەکاندا سەپاندووە، بە ویلایەتی نەینەواشەوە. سەرکردایەتی بوێری کورد هەوڵدەدەت لە ریفراندیۆمێکدا کە مادەی 140 ی دەستور دەستنیشانیکردووە، بەشی زۆری نەینەوا بخاتە سەر هەرێمی نیمچە ئۆتۆنۆمی کوردستان (بڕوانە بەشی 1)[35] لە کانونی یەکەمی 2007 دا، ماوەیەکی زۆر بەسەر دواوادەی جێبەجێکردنی مادەی 140 دا تێپەڕی. سەرکردایەتی کورد بە ئامادەیی سەنگینی سیاسی‌و ئاسایشیەوە لە ناوچەکە، باوەڕی وایە هاوسەنگی ئەوەی هەیە کە ریفراندیۆم بباتەوە، تا بێت زیاتریش ئارامی لەبەردەبڕێت لەوەی کە لە

---

[33] بڕوانە: Sam Dagher, "Uprooted for Decades, Iraqi Kurds Long for Home," New York Times, September 3, 2009, http://www.nytimes.com/2009/05/18/world/middleeast/18nineveh.html?ref=middleeast(بەرواری سەردان 22 ی ئەیلولی 2009).

[34] پێشمەرگە بە رەزامەندی ئەمریکاو لە کاتی پەڕینەوەیاندا بۆ ناو خاکی عیراق لە نیسانی 2003 دا کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کردووەو یاریدەی ئەمریکایان داوە شەڕی گروپە یاخییەکان بکەن. بە وتەی وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، "ئێمە لە 2003 دا چەند خاکێمان ئازاد کردو لێیان ماینەوە، هەروەها یاریدەی هێزەکانی ئەمریکاو عیراقمان داڵە دەستیرکردنی تیرۆریستاندا." بڕوانە:
International Crisis Group (ICG), "Iraq and the Kurds: Trouble Along the Trigger Line," Middle East Report No. 88, July 8, 2009, http://www.tepav.org.tr/eng/admin/dosyabul/upload/iraq_and_the_kurds_trouble_along_the_trigger_line.pdf(بەرواری سەردان 22 ی ئەیلولی 2009) ل 10.

[35] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ خەسرەو گۆران، جێگری پارێزگاری پێشووی نەینەوا، هەولێر، 23 ی شوباتی 2009، هەروەها لەگەڵ محەمەد ئیحسان، وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هەولێر، 27 ی شوباتی 2009.

ئاسۆدا پلانی ئەوە نیە کە سازبکرێت[36]. بەلای عەرەبە سوننەکانەوە بانگەشەو دەسپێشخەریی کورد وەك فراوانخوازیو نایاساییی دەبینن، هەروەها بە هەڕەشەیەك بۆ سەر یەکێتی دەوڵەتی عیراق دایدەنێن[37]. ململانێکە نەوتی کردووە بە ئاگری یاخیبووندا لە باکور، کە لەولا چەند گروپێکی وەك قاعیدەی میزۆپۆتامیاو یاخییە عیراقییەکان دەیانەوێت تووڕەیی عەرەبی سوننە جۆش بدەنو لەناو ئەو عەرەبانەدا کە لە ئەنجامی پێچەوانەکرادنەوەی بە عەرەبکردندا ئاوارەبوون، ئەندام بۆ خۆیان پەیدابکەن.

## ***پەرەسەندنی سیاسیو رەوشی نەینەوا***

لە ساڵەکانی سەرەتای دوای روخاندنی حکومەتەکەی سەدام حسێندا، زۆرێك لە عەرەبە سوننە باڵادەستەکانی پێشوو خۆیان لە سیستمی سیاسی نوێ دوورەپەرێز گرت، لەبری ئەوەش چەند ئیختیارێکی تریان لەبەردەستدابوو وەك ئەوەی لایەنی پشتیوانی لە یاخییەکان بکەن یان بێدەنگی هەڵببژێرن، بەوەش کورد هەژمونی سیاسیو ئاسایشیان بەسەر نەینەوادا بەدەستهێنا، کە خۆیان لەوێ کەمینەن: عەرەبە سوننەکانو کەمینەکانیش بەشێوەیەکی سەرەکی بایکۆتی هەڵبژاردنی 2005 ی پارێزگای نەینەوایان کردو بەوەش بواریان دا کە لیستی کوردی ببیاتەوە. ئەوساش دەسەڵاتدارانی کورد هێزی خۆیان بەکارهێنا بۆ قایمکردنی کۆنترۆڵی کوردی لەوێ.

لە هەڵبژاردنی 2009 ی پارێزگای نەینەوادا هاوسەنگی دەسەڵاتی سیاسی فەرمی بەشێوەیەکی دراماتیکییانە گۆڕاو شەپۆلێکی رقو کینەی بەرەو کرد بەرپاکرد، پارتی ناسونالیستی عەرەبی سوننە، حەدبا (بەناوی یەکێك لە نیشانە دیارەکانی موسڵەوە ناونراوە) لە کۆی 37 کورسی ئەنجومەن 17 کورسییانی بردەوە. هاوپەیمانێتی کوردیش (مەیلەو حکومەتی هەرێمی کوردستان) لیستی برایەتی نەینەوا، 12 کورسی هێنا، پارتی ئیسلامی عەرەبی سوننەش سێ کورسی پێبڕا. بەپێی یاسای هەڵبژاردن کە چەند کورسییەکی کۆتای بۆ کەمینەکان دیاریکردبوو، هەریەکە لە مەسیحییەکانو شەبەكو یەزیدییەکان یەکی کورسییەکیان بەرکەوت.

سەرکەوتنی حەدبا لە دەنگداندا بووە هۆی بنبەستێکی مەترسیدار لە موسڵ. دوای ئەوەی حەدبا لیستی برایەتی نەینەوای بێبەریکرد لە هەموو پۆستە باڵاکانی ئیدارەی نەینەوا، لیستی برایەتی نەینەوا بایکۆتی ئەنجومەنی پارێزگای کرد. بەرپرسانی کورد هەوڵیاندا حەدبا وا پیشان بدەن کە بەرەی تیرۆریستو بەعسییەکانە، هەڕەشەیانکرد هانا ببەنە بەر هێزی سەربازی بۆ جیاکردنەوەی ناوچە زۆرینە کوردەکانی نەینەوا تا ئەوکاتەی لە پۆستە باڵاکان بەشیان دەدرێت[38]. سەرکردەکانی عەرەبی سوننەش وتیان دانوسان ناکەن هەتا کورد دان بە سنوری

---

[36] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ لەگەڵ محەمەد ئیحسان، وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هەولێر، 27 ی شوباتی 2009. بڕوانە: Sam Dagher, "New Kurdish Leader Asserts Agenda," July 28, 2009, New York Times http://www.nytimes.com/2009/07/29/world/middleeast/29kurds.html (بەرواری سەردان، 17 ی ئابی 2009).

[37] بڕوانە: Corey Flintoff, "Shift in Power Heightens Tensions in Iraqi City," NPR, February 27, 2009, http://www.npr.org/templates/story/story.php?storyId=101248555(بەرواری سەردان، 22 ی ئەیلولی 2009).

[38] بڕوانە: Sam Dagher, "Tensions Stoked Between Iraqi Kurds and Sunnis," New York Times, May 17, 2009, http://www.nytimes.com/2009/05/18/world/middleeast/18nineveh.html?ref=middleeast(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009) ; "Mosul teeters on brink of conflict," UPI, August 17, 2009, http://www.upi.com/Emerging_Threats/2009/08/17/Mosul-teeters-on-brink-of-conflict/UPI-49091250544442/ (accessed August 17, 2009); Ned Parker and Usama Redha, "Arabs, Kurds take their fight to the polls," Los Angeles Times, January 25, 2009, http://articles.latimes.com/2009/jan/25/world/fg-iraq-mosul25(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

ئیداری نەینەوادا نەنێتو هێزەکانی ئاسایشی خۆی نەباتەوە بۆ ناو هێڵی سەوز[39]. دەسەڵاتی کوردی ڕێگای لەبەردەمی بەرپرسانی عەرەبدا داخست تا نەتوانن ئەرکەکانی خۆیان لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کورد لە پارێزگای نەینەوا بەجێبگەیەنن، هەروەها فشاریان خستە سەر قەزاکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان بۆ ئەوەی بایکۆتی پارێزگارە عەرەبە نوێیەکە بکەن[40]. شازدە شارۆچکەو قەزای جێناکۆکی ژێر کۆنترۆڵی کورد پەیوەندییان بە ئیدارەی پارێزگاوە بڕیو چەند پلانێکیان خستە ڕوو پێکهێنانی ئیدارەی خۆیانو بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیان[41].

لە 24 ی حوزەیرانی 2009 دا، پەرلەمانی کوردستان گرەوەکەی خەستر کردەوەو رەشنوسی دەستوری هەرێمی پەسەندکرد کە تێیدا باس لە خاوەندارێتی چەند ناوچەیەکی نەینەواو ناوچە جێناکۆکییەکانی دیکە کراوە، جەختیکردووە لەسەر مافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێگیرکردنی پێشمەرگە لە دەرەوەی هەرێم (دەستورەکە ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ریفراندیۆمێکی جەماوەری – بڕوانە دواتر )[42]. ئەو هەنگاوە گروپە کەمینەکانو[43] حکومەتی ناوەندی تووڕەکردو بووە هۆی ئەوەی سیاسەتمەدارە سوننەو شیعەکان زیاتر یەکبگرن. لە ڕۆژانی دواتردا، 50 پەرلەمانتاری عیراق لە پارتە سیاسییە جیاجیاکانەوە یاداشتێکیان ئیمزاکردو رەخنەیان لە دەستوری نوێی هەرێم گرت.

ئەم جوڵەیە دەلاقەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو سەرەکوەزیران نوری مالیکی فراوانترکردوە، ئەو داوایدەکرد جەنگاوەرە کوردەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی سنوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکشێنەوە[44]. مالیکی

---

39 بڕوانە: Dagher, “Tensions Stoked Between Iraqi Kurds and Sunnis,” New York Times

40 لە 8 ی مایسدا، هێزە کوردییەکان، ئەوانەی لەژێر فەرمانی حکومەتی کوردستاندان، ڕێگەیان نەدا ئەسیل نوجێفی، پارێزگارە عەرەبە سوننەکەی نەینەوا بچێتە ناو بەعشیقەوە، کە شارێکی ژێر کۆنترۆڵیی کوردە لە باکوری خۆرەڵاتی موسڵ. چەند ڕۆژێك دواتر سەدان کوردی چەکدار سەرۆکی پۆلیسی نەینەوا، کە عەرەبێکی سوننەیە، لەگەڵ کاروانەکەیدا کە سەربازو پۆلیسی عیراقی بوون، راوەستاند لە پەڕینەوە لە پردێك بەرەو ناوچەیەکی جێناکۆکی ژێر کۆنترۆڵی کورد، ناوچەی داغەر.
Tensions Stoked Between Iraqi Kurds and Sunnis,” New York Times; Nada Bakri, “Dispute Over Land Simmering in Northern ” Iraq,” Washington Post, May 18, 2009, http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2009/05/17/AR2009051702210.html(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009) ; T. Christian Miller ,“In Nineveh, tensions between Iraqi Kurds and Arabs simmer,” Los Angeles Times, June 23, 2009, http://www.latimes.com/news/nationworld/world/la-fg-iraq-kurds23-2009jun23,0,3375847.story(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009)

41 بڕوانە: “Looming U.S troop withdrawal creates alarm in Mosul”, Kurdish Globe (Erbil), June 14, 2009, http://www.kurdishglobe.net/displayPrintableArticle.jsp?id=4AFCC243889260A2CBF073509560064C(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

42 مادەی (2)(1) دەڵێت، "کوردستانی عیراق یەکەیەکی مێژوویی‌و جوگرافییە... قەزاکانی ئاکرێ، شێخان، شەنگار، تەلکێف، قەرەقوش، هەروەها ناحیەکانی زەممار، بەعشیقە، ئاسکی کەڵەك لە پارێزگای نەینەوا دەگرێتەوە..."

43 لە لێدوانێکی هاوبەشدا کە لە 10 ی تەموزی 2009دا بڵاوکرایەوە، نوێنەری چوار گروپی شەبەكو یەزیدیی‌و کلدۆ- ئاسوری‌و تورکمان، وتیان کە دەستوری کوردی دەرگا ئاوەڵا دەکات بۆ ململانێی زیاترو "دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی خۆرەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەی چەند سەدەیەكو ئاکامی کارەساتاویی لێدەکەوێتەوە."

44 مالیکی وتی "بەڵێ ئەوانە لە هێڵی سەوز پەڕینەوەو ئەو شتانەی تریش کە دەیکەن دەستوری نین. ناکۆکی زۆر هەن، لەوانە فریودانی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی." وتیشی "بێشك ئەوانە بۆژۆکردنو دەبنە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکان... ئێمە پەستین لەوەی کە لە هێڵی سەوز دەپەڕنەوە بەڵام نیگەران نین چونکە دەستور هەیەو ئێمەش دەتوانین پێیان بڵێین کە ئەوان پێشێلی دەکەن". بڕوانە:
Transcript: Iraqs Maliki on the Kurds,” Wall Street Journal, July 9, 2009, http://online.wsj.com/article/SB124715056156618319.html?mod=googlenews_wsj(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009) . See also Ali Al Windawi and Ned Parker,“Iraq bombing kills 70, injures 182,” Los Angeles Times, June 21, 2009,

داوای هەموارکردنی دەستوری عیراقی کرد بۆ چڕکردنەوەی دەسەڵاتی زیاتر لای حکومەتی ناوەندی[45]. هەوڵەکانی پێشووتری بۆ  بەهێزکردنی بازووی بەغدا لەسەر حیسابی هەژدە پارێزگاکەی وڵاتەکە زەنگی خەتەر بوو بۆ سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە سوودیان وەرگرتبوو لەو ناسەنتەریبوونی خۆیان لایەنگیری بوون لە دانوسانکردندا لەسەر دەستوی 2005 ی عیراق[46]. دوای ئەوەی مالیکی لە مانگی ئابدا سەردانێکی ناوازەی هەرێمی کوردستانی کرد، گرژییەکانی نێوانیان هێوربۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا رەوشەکە هەر گوماناوییە، چونکە لەوە ناچێت هیچ لایەکیان ئارەزووی سازشکردنی هەبێت.

بەرپرسانی ئەمریکا کە لەبنچینەدا بایەخێکی ئەوتویان بە گرژییەکانی باکوری عیراق نەدابوو، ئێستا نیگەرانن لەوەی بگلێنە ناو رووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارییی نوێیوە لە عیراق، ئەمجارەیان لەنێوان کوردو عەرەبدا. نالەباربوونی رەوشی ئاسایش لە نەینەوا لە ئابی 2009 دا واشینتۆنی ناچارکرد دەست ببات بۆ مەسەلەی ناوچە جێناکۆکیەکان. دوای ئەوەی لە ماوەی هەفتەیەکدا سێ تەقینەوەی گەورە زیاتر لە 90 کەسیان کوشت (بڕوانە بەشی سێیەم) فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق ژەنراڵ رەی ئۆدیرنۆ، بەجیا لەگەڵ هەریەکە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانیو سەرەکوەزیرانی عیراق مالیکی کۆبۆوە تا پێشنیاریان بۆ بکات هێزەکانی ئەمریکا سەرلەنوێ بچنەوە ناوچە جێناکۆکییەکان[47]. پێشنیارەکەش ئەوەبوو کە هێزەکانی ئەمریکا لەناو پێکهاتەی نوێی لە هێزەکانی عیراقو پێشمەرگە دروستکراودا دابنرێن. دوای ئەوەی لە حوزەیراندا، پەرلەمانی کوردستان رەشنوسی دەستوری پەسەندکرد، جێگری سەرۆکی ئەمریکا جۆ بایدن بەپەلە خۆی گەیاندە بەغداو یاریدەی قایلکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دا ریفراندیۆم لەسەر دەستورە نوێیەکە دوابخات، کە بڕیاروابوو لە تەموزدا لەپاڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا ئەویش رێکبخرێت[48].

دوا ئەوەی عیراق نەیتوانی لە وادەی خۆیدا لە کانونی یەکەمی 2007 دا کە دەستور دیاریکردبوو مادەی 140 جێبەجێبکات، نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەوڵیدا یارمەتی لایەنەکان بدات رێچکەیەك بدۆزنەوە بۆ دەربازبوون لە کێشەکە[49]. بڕیاری 1770 ی ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکان (ئابی 2007) نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاریدەدانی عیراق (یۆنامی) راسپارد بۆ "راوێژ، پشتیوانی، یارمەتی" حکومەتی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی پرسی

---

http://www.latimes.com/news/nationworld/world/la-fg-iraq-bombing21-2009jun21,0,1042986.story(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

45 بڕوانە: "Iraq PM wants stronger central govt powers," Agence France-Presse, July 11, 2009, http://www.google.com/hostednews/afp/article/ALeqM5hhgdYIp44Y1rZJ-04-EfnEWwJsIA(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

46 بڕوانە: Rania Abouzeid, "Arab-Kurd Tensions Could Threaten Iraq's Peace," TIME, March 24, 2009, http://www.time.com/time/world/article/0,8599,1887189,00.html(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

47 بڕوانە: Rod Nordland, "More Troops Are Sought for Iraq's Restive North," New York Times, August 17, 2009, http://www.nytimes.com/2009/08/18/world/middleeast/18iraq.html?hp(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

48 بڕوانە: Jonathan Steele, "Conflict looms in Kurdistan," Guardian (London), July 15, 2009, http://www.guardian.co.uk/commentisfree/2009/jul/15/kurdistan-conflict-kurds-iraq-obama(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

49 ICG, "Iraq and the Kurds: Trouble Along the Trigger Line," http://www.tepav.org.tr/eng/admin/dosyabul/upload/iraq_and_the_kurds_trouble_along_the_trigger_line.pdf, pp. 7-10.

سنورە ناوخۆییەکان[50]. لە نیسانی 2008 دا راپۆررتەکانی یوئێن کە ئاشکرا نەکران، خرانە بەردەستی مالیکی سەرەکوەزیرانو ئەنجومەنی سەرۆکایەتیو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە بەرهەمی کارکردنی زیاتر لە ساڵێکی تیمێکی 15 ئەندامیی لە دیپلۆماتو ئەکادیمیو دانوسانکەرو پسپۆرانی دەستور بوون، راپۆرتەکان لێکۆڵینەوەی جیاجیایان لەسەر پازدە قەزای جێناکۆکی تێدا بوو، یۆنامی رایسپارد پێوەرەکانی دروستکردنی متمانە دەربارەی مەسەلەگەلێکی وەك ئاسایشو گەشەپێدان بەکاربهێنرێن.

### *کوردو پارێزگاریو کۆنترۆڵ*

دۆراندنی هەڵبژاردنی پارێزگاکان 2009 لە نەینەوا نیشانەیەکی بەرچاو بوو بۆ پاشەکشەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێشتر بۆ بردنەوەی پشتیوانی کۆمەڵە کەمینەکانی دەشتی نەینەوا – کە ماوەیەکی زۆر لە لایەنی حکومەتی ناوەندییەوە پشتگوێخرابوون – پارەی بەسەردا هەڵڕشتبوون. وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم، سەرکیس ئاغاجان کە خۆی کاسۆلیکێکی کلدانییە، ملیۆنەها دۆلاری لە ناوچە جێناکۆکییەکان سەرفکردووە[51]. رشتنی پارە شوێنەواری خۆی لەسەر لە شێوەی بیناکردنی خانووی نوێ، نۆژەنکردنەوەی کەنیستەکان، دابەشکردنی یارمەتی، یانە تازە دامەزراوەکانی لاوانو دامەزراوە کەلتورییەکاندا گوندەکانی دەشتەکە جێهێشت. یارمەتییەکان لە رێگای "کۆمیتەی کاروباری مەسیحییەکان"ەوە دابەشکدەکرا کە ئەویش لە لایەن ئاغاجان خۆیەوە دامەزرێنراوە[52].

ئاینزایەکی شارۆچکەی قەرەقوش بە هیومان رایتس وۆچی وت "پێش 2005، کەس گوێی نەدەدایە کۆمەڵەکانی ئێمە یان کەنیسەکانمان، بەڵام دواتر لە ماوەی شەوورۆژێکدا فەندمان بۆ هات. کورد ئەجێندایەکی شاراوەی هەیەو ، پارە بەکاردەهێنن بۆ راکێشانی مەسیحییەکان – لەبەرئەوە نیە کە دەیانەوێت یارمەتی خەڵکی ئێمە بدەن...لەوباوەڕەدام هەرکەسێك لەگەڵ ئەجێنداکەیاندا نەبێت، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە"[53]. نوێنەرێکی دیکەی مەسیحییەکان لە هەولێرو تەل عەسقێف بە هیومان رایتس وۆچی وت کە ئەوان لە دڵەڕاوکەیەکی زۆردان چونکە دەزانن ئەو پارەیە لەگەڵ چەند مەرجێکدا دێت. ئەوان حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمەتباردەکەن بەوەی دەیانەوێت لە توێی سیستمێکی پارێزگارییەوە لایەنگیریی سەرکردە خێڵەکییەکان بکرن کە ئەوەش دەبێتە هۆی چەسپاندنی زیاتری دووبەرەکی نێوان کۆمەڵە کەمینەکان. ئەویش بە خولقاندنو پارەدارکردنی رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی وەها کە فەرمانڕەوایی کوردیان بەدڵە، هەروەها قەدەغەکردنی ئەوانەش کە وەها نین. سکاڵاشی کرد لە دەستی پارەدارکردنی پیاوانی ئایینو دامەزراوە ئاینییەکان بە مەبەستی کڕینی پشتیوانی دامەزراوە ئاینییەکانی کەمینەکان[54].

---

[50] United Nations Security Council, Resolution 1770 (2007) S/RES/1770 (2007), http://www.unhcr.org/refworld/docid/46c3faf92.html (accessed 2 October 2009).

[51] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ سەرکردەیەکی کۆمەڵی مەسیحی (ناوەکەی ئاشکرا نەکرا)، هەولێر، ئەڵقۆش، 20، 22، 27 شوباتی 2009.
, respectively; Sam Dagher, “Iraqi Christians cling to last, waning refuges,” Christian Science Monitor, March 6, 2008, http://www.csmonitor.com/2008/0306/p01s05-wogn.html?page=1(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009) ; Leila Fadel, “Kurdish expansion squeezes northern Iraq's minorities,” McClatchy, November 11, 2008, http://www.mcclatchydc.com/iraq/story/55711.html(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009)

[52] بڕوانە: “Christians Face Extinction in Northern Iraq,” Newsmax.com, April 24, 2008, http://www.newsmax.com/timmerman/christians_mosul_iraq/2008/04/24/90555.html(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[53] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ گەشیشێك (ناوەکەی ئاشکرا نەکرا)، قەرەقوش، 22 ی شوباتی 2009.

[54] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ سەرکردەیەکی کۆمەڵی مەسیحی (ناوەکەی ئاشکرا نەکرا)، هەولێرو تەل عەسقێق 20، 24 ی شوباتی 2009.

کەنیسەو ڕێکخراوە مەسیحییەکانی پارمەتیدان سکاڵایان کرد لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەندیان ناکات بۆ پرۆگرامەکانی پارمەتیدانی ئاوارەکانی ناوخۆ، چونکە پەیمانیان نەداوە پشتیوانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن. ڕێکخراوێکی داکۆکیکردنیش وتی پارتی دیموکراتی کوردستان فشاری خستۆتە سەر مەسیحییەکان بۆ ئیمزاکردنی چەند فۆرمێکی پشتیوانیکردن لەوەی ناوچەکانی دەشتی نەینەوا بخرێنە سەر ناوچە کوردییەکانو لەژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بن[55].

محەمەد ئیحسان وەزیری ناوچە دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، لای هیومان رایتس ۆچ دانی پێدا نا کە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە بەکارهێنانی ستراتیجی دارایی بۆ بردنەوەی لایەنگیریی لەناو گروپە کەمینەکانی ناوچە جێناکۆکییەکان. وتی "ئێمە فریشتە نین، ئێمە سیاسەتمەدارین، ئەمەش سیاسەتە، پەیوەندی بکە بە منەوەو منیش ئەمەو ئەوەت دەدەمێ" لەگەڵ ئەوەشدا نکولی کرد لەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکتیکی فشار یان هەڕەشەی بەکارهێنابێت[56]. کاتێك هیومان رایتس ۆچ دەربارەی ئەو پشتیوانە داراییەی ئاغاجان بۆ کۆمەڵە مەسیحییەکان پرسیاری لە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەریم شەنگاری کرد، وەڵامی دایەوە "ئەوە پارەی ئاغاجان نیە، بەڵکو پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە...(ئەو) خۆی هیچی دروستنەکردووە، لە توێی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کردوویەتی. سەرکوەزیران (هی کورد) فەرمانی پێکردووە وابکات."[57]
شێخ جۆرج کاکۆ، سەرکردەیەکی مەسیحی لایەنگیری کوردە، بە هیومان رایتس ۆچی وت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات بۆ "زاڵکردن"ی کلدۆئاسورییەکان بەپارە بۆ ئەوەی وەك لایەنگیری خۆی بیانهێڵێتەوە. وتیشی "هیوادارم بۆ ماوەی 100 ساڵ ناوچەکە لەکێشەدا بێت، چونکە بەردەوام هەردوولا پشتیوانیمان لێدەکەن. لێگەڕێ با هەردوکیان خزمەتمان بکەن."[58]

کورد بەشێوەیەکی بەرچاویش لە بواری چالاکییە کەلتوریو ئاینییەکانی یەزیدییەکانیشدا وەبەرهێنانی کردووە، مووچەی بۆ فەرمانبەرانی سەنتەری کەلتوریی لالش دابینکردووە، کە چەند لقێکی لەناو زۆربەی شارە یەزیدییەکاندا هەیە[59].

گروپەکانی کەمینەکان رایانگەیاند کە لە سیاسەتی "راستکردنەوەی نەتەوە"ی رژێمی بەعسی پێشوودا، هەنگاوێکی نیگەرانکەرانە نرا، ئەندامانی گروپە کەمینەکان ناچارکران خۆیان بە ئەندامی گروپی کەمینە نەناسێنن، بەڵکو (دوو ئیختیار لەبەردەمیاندا هەبوو بۆ تۆمارکردنی خۆیان وەك کورد یان عەرەب) لەپێناوی بەدەستهێنانی خوێندنو خزمەتگوزاری تەندروستیدا[60]. "لە سەرژمێرییەکاندا تەنها دوو کاتیگۆری هەبوو: عەرەبو کورد. شەبەکەکان بە گروپێکی نەژادی جیا دانەنران. ئێمە قوربانیی بەعەرەبکردن بووین" قوسەی عەباس ئەندامی هەڵبژێردراوی

[55] بڕوانە: US Commission on International Religious Freedom, “Iraq Report 2008,” http://www.uscirf.gov/index.php?option=com_content&task=view&id=2331 (بەرواری سەردان 25 ی ئەیلولی 2009).

[56] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ محەمەد ئیحسان، 27 ی شوباتی 2009.

[57] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ کەریم شەنگاری، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر، 25 ی شوباتی 2009.

[58] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ جۆرج کاکۆ، هەولێر، 26 ی شوباتی 2009.

[59] بڕوانە: Middle East Institute, “Social Change Amidst Terror and Discrimination: Yezidis in the New Iraq,” no. 18, August 2008, http://www.mei.edu/Portals/o/Publications/Yezidis-in-the-New-Iraq.pdf (بەرواری سەردان 2 ی تشرینی یەکەمی 2009).

[60] بڕوانە: UN Assistance Mission for Iraq, “Human Rights Report: 1 January – 30 June 2008,” ل ل 19 - 21.

شەبەك بۆ كورسی كۆتا لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، بە هیومان رایتس وۆچی وت[61] "دوای 2003 دوچاری نارەواییەكی تر بووینەوە، ئەمجارەیان لەسەر دەستی كوردو لەتوێی سیاسەتەتی بە كوردیكردنییانەوە. حكومەتی هەرێمی كوردستان مافی هەیە دەوڵەتێكی سەربەخۆ پێكبهێنێت بەڵام نەك لەسەر حیسابی كۆمەڵی ئێمە." بە نیسبەتی یەزیدییەكانەوە لەبری هاندانی هەستكردنی زیاتر بە شوناسی كوردی، سیستمی مەحسوبییەت بووە هۆی پچڕانی زیاتر لە فەرمانڕەوایی كوردی: زۆركەس وتیان وا هەستدەكەن پارە لەسەر حیسابی سەربەخۆیی گروپە سیاسییەكانی یەزیدییەكان دەگاتە لایان.

نوێنەرێكی مەسیحییەكان وتی پارەی حكومەتی هەرێمی كوردستان یارمەتی دامەزراندنی میلیشیای تایبەتی گوندەكانی دا بە بەهانەی پارێزگاریكردنەوە، بەڵام لە راستیدا كاریگەریی كوردی زیاتر كرد، ئەویش بە دروستكردنی گروپی چەكداری ناوخۆی وەها كە بەتەواوەتی سەر بە پێشمەرگەن[62]. رەخنەگران دەڵێن میلیشیاكان ئامرازێكی ترن بۆ كۆنترۆڵی حكومەتی هەرێم بەسەر ناوچەكەدا. لە دەروازەی هەر گوندێكی مەسیحیدا لە دەشتی نەینەوا كە هیومان رایتس وۆچ بەلایدا تێپەڕی، چەكدارانی میلیشیای مەسیحی كە بە "پاسەوانانی كەنیسە" ناسراون پاسەوانی خاڵەكانی پشكنینیان دەكرد. ئەم ملیشیایە لە لایەنی ئاغاجانەوە پارەی پێدەدرێتو 1200 ئەندامی هەیەو لە قەرەقوشو گوندەكانی دەوروبەری بڵاوبوونەتەوە[63]. دەسەڵاتدارانی كورد پێدادەگرن لەسەر ئەوەی ئەگەر میلیشیای مەسیحیو هێزی پێشمەرگەی كورد نەبوونایە بۆ زامنكردنی ئاسایشی ناوچە جێناكۆكییەكانی نەینەوا، ئەوە گروپە چەكدارە عەرەبە سوننەكان بەشێوەیەكی ئاسانتر دەیانتوانی هێرشی وێرانكەرانە دژی كەمینەكان ئەنجامبدەن. شەنگاری وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان تێبینی ئەوەی دەربڕی كە لەسەرەتادا پێشمەرگە لەسەر داوای سوپای ئەمریكاو حكومەتی ناوەندی بەغدا چوونەتە نەینەوا، كە لە ساڵی 2004 دا پێویستییان بە یارمەتی بوو بۆ راگرتنی ئاسایشی ناوچەكە[64]. وتی میلیشیا فەندكراوەكان لە لایەنی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لەپاڵ پاسەوانیكردنی كۆمەڵەكاندا رۆڵی پۆلیس ناگێڕن، هەروەها وتیشی "واقیعەكە ئەوەیە ئەو خەڵكانەی لە ناوچە جێناكۆكییەكان دەژین ویستیان لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستاندا بنو داوای پارێززانیان كرد. ئەگەر بیانەوێت، دەتوانن لەناو هەرێمی كوردستاندا، ئۆتۆنۆمی خۆیانیان هەبێت."[65]

باسم بێلۆی مەسیحی، قایمقامی تەلكێفی تێكەڵە لە عەرەبی سوننەو مەسیحیو نزیكی موسڵە، ئەویش و چەند سەركردەیەكی تری كۆمەڵەكە پێیانوایە فەندی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ میلیشیاكان شتێكی نایاساییە چونكە

---

[61] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی نەینەوا، قوسەی عەباس، بەرتەلە، **1** ی ئاداری **2009**.

[62] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ سەركردەیەكی كۆمەڵی مەسیحی (ناوەكەی ئاشكرا نەكرا)، هەولێرو تەل عەسقێق **20**، **24** ی شوباتی **2009**.

[63] بڕوانە: **Ernesto Londoño, "In Iraq's North, Ethnic Strife Flares as Vote Draws Closer," Washington Post, January 28, 2009, http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2009/01/27/AR2009012703436_pf.html**(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

[64] دیمانەی هیومان رایتس وچ لەگەڵ كەریم شەنگاری، **25** ی شوباتی **2009**. لە گەرمەی ململانێی تایفیدا لە عیراق، لە كاتێكدا كە سوپاو پۆلیسی عیراق هەڵوەشابوونەوە، هەوڵەكانی دابینكردنەوەی ئاسایش پشێوییان تێكەوتبوو، سەركردە ناوەندییەكانی عیراقو دەسەڵاتی داگیركاری ئەمریكا، داوایان لە سەركردایەتی كورد كرد هێزەكانی پێشمەرگە بنێرن – كە لەو ماوەیەدا تاكە هێزی ئاسایشی عیراق بوون كە بە رێكخراوی مابوونەوە – بۆ دابینكردنی ئاسایش لە باشوری هێڵی سەوز. یاداشتەكەی مایسی **2003** كە لە لایەن دوو ژەنراڵو نوێنەری پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكێتی نیشتمانی كوردستانەوە ئیمزاكرا، هێزی پێشمەرگەی بردە دەرەوەی هێڵی سەوز.
**US Department of Defense, "Repositioning of Peshmerga Forces (101200May 03) Change 3", memorandum for KDP/PUK leadership, AFVB-CG, May 17, 2003, referenced in ICG, "Iraq and the Kurds: Trouble Along the Trigger Line," http://www.tepav.org.tr/eng/admin/dosyabul/upload/iraq_and_the_kurds_trouble_along_the_trigger_line.pdf, p. 11**

[65] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ كەریم شەنگاری، هەولێر، **25** ی شوباتی **2009**.

دەچێتە دەرەوەی پێکهاتەی هێزە فەرمییەکانی ئاسایشی حکومەتی عیراقەوە. ئەوان دەڵێن ئەم گروپانە زیاتر پشتیوانی لە چەند پارتێکی سیاسی دیاریکراو دەکەن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە پارەیان پێدەدات نەك سەروەری یاسا بسەپێنن[66]. بێلۆو چەند نوێنەرێکی دیکەی کەمینەکان ئەوەش دەڵێن کە نابێت رێگەبدرێت هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش (بریکارانی دەزگای هەواڵگریی کارا لە هەرێمی کوردستان) لە دەشتی نەینەوا هەڵبسوڕێن چونکە رۆڵی ئەوان بریتیە لە ترساندنی نەیارە سیاسییەکان، سنوردارکردنی دەسگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان، زیندانیکردنی خەڵك بێ دادگاییکردن[67]. بیلۆ وتی "ئەوان بێ هیچ فەرمانێکی دەستگیرکردن یان رێو شوێنێکی یاسایی، خەڵك زیندانی دەکەن، ئاسایشو پێشمەرگە لەسەر ئەم خاکە عیراقییە چی دەکەن؟ هیچ هۆیەك بۆ ئەمە نیە. دەیانەوێت پیشانیبدەن کە هێزو کۆنترۆڵیان بەسەر ناوچەکانی ئێمەدا هەیە..ئەو هێزانەی ئاسایش کە ئێستا دەسەڵاتدارانی کورد هێناویانە، فەرمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن نەك حکومەتی ناوەندی."[68] (روداوەکانی پێشێلکاری کە پێشمەرگە تێیانەوە گلاوە، لە بەشەکانی سێهەمو چوارەمدا باسکراون.)

[66] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ باسم بێلۆ، تەل عەسقێف، **24**، هەروەها ئەلقۆش، **27** ی شوباتی **2009**.

[67] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی کۆمەڵی مەسیحی (ناوەکان ئاشکرا نەکران)، هەولێرو تەل عەسقێق **20**، **24** ی شوباتی **2009**. هەروەها پەیوەندی تەلەفونی لەگەڵ حونەین قەدو، پەرلەمانتاری عیراق، **19** ی ئابی **2009**.

[68] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ باسم بێلۆ، تەل عەسقێف، **24** ، هەروەها ئەلقۆش **27** ی شوباتی **2009**.

## III. کوشتنی کەمینەکانی نەینەوا

### *ڕەچەتەی توندوتیژی*

ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی ئەو هێزانەی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکردن لە 2003 دا عیراقیان داگیرکرد، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان، بە ئاوارتەکردنی پێشمەرگەی کوردی، تەواوی سوپاو دەزگاکانی ئاسایشی هەڵوەشاندەوە. سوننەو شیعەکان بە سوردوەرگرتن لەم بۆشاییەی ئاسایش، بوونی هەزاران توانای جەنگیی ئاست بەرزی بێکارو تووڕەدا لە کەسانی دەزگاکانی ئاسایشو عەرەبە ئاوارەکانی پێچەوانەکردنەوەی "بەعەرەبکردن" بۆ گرتنی ئەندام، خزانە ناو شەڕەکەوە[69]. لەکاتێکدا عیراقییەکانی هەموو چینو توێژە نەژادییو ئاینییەکانەوە بەدەستی باڵکێشانی توندوتیژییەوە لە ساڵانی دوای داگیرکردنەوە تاڵاویان چەشت، کۆمەڵە کەمینە بچووکترەکان بەشێوەیەکی تایبەتی دووچاری مەترسی بوون.

توندوتیژی تایفییانە کە لە ناوەڕاستی 2006 دا تەقییەوەو ژمارەیەکی بێوێنە کوشتو کوشتار، راگوێزانی زۆرەملێ، رفاندن، ئەشکەنجەدان، هەروەها هێرشکردنە سەر شوێنە ئاینییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، بە مزگەوتی شیعەو سوننەکانو کەنیسەکانیشەوە[70]. لە ئابی 2006 دا، بەهۆی چەند شێوازێکی خوێنڕێژانەو ئایدیۆلۆجیای توندڕەوی قاعیدەوە سەرکردەی خێڵە سوننەکان لە پارێزگای ئەنبار پەیوەندییان بە قاعیدەی میزۆپۆتامیاوە پچڕاند. سوپای ئەمریکی باوەشی بۆ ئەو دەرەنجامە کردەوەو سەرەنجام جوڵانەوەی سەحوە پێکهاتو ئەندامانی عەشرەتە سوننەکان کە ناوی "کوڕانی عیراقیان لێنرا" هەریەکەی مانگانە 300 دۆلاریان پێدرا بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشەکانیان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکاو هێزە عیراقییەکانو کاروانەکانو هێزەکان، هەروەها پاراستنی خاڵەکانی پشکنینو بیناکانیش[71].

وێڕای دەسکەوتەکان لە بواری ئاسایشدا لە زۆربەی ناوچەکانی عیراق لە سەرەتای 2008 دا، نەینەوا وەك یەکێك لە مەترسیدارترینو ناجێگیرترین بەشی وڵاتەکە مایەوە. تەنانەت کردەوە سەربازییە گەورەکەی بەهاری 2009 ش کە تێیدا 4,000 سەربازی ئەمریکیو زیاتر لە 25,000 لە پیاوانی ئاسایشی عیراق موسڵو دەوروبەریان رووماڵکرد، شتێکی ئەوتۆی لێ شین نەبوو بۆ راوەستاندنی هێرشە خوێناوییەکانی ناو پارێزگای نەینەوا[72].

لە 30 ی حوزەیرانی 2009 دا وەك بەشێك لە رێکەوتننامەی ئاسایش لەگەڵ حکومەتی عیراقدا، بەشی زۆری هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکان کشانەوە بۆ بنکەکانیان، هێرشەکانی نەینەوا بەشێوەیەکی تایبەتی دژی گروپە

---

[69] بروانە: Thomas Wagner, “Wall to Divide Shi`a and Sunnis in Baghdad,” Associated Press, April 20, 2007.

[70] “Gunmen Blow Up Mosques,” Reuters, June 20, 2007.

[71] بروانە: “Awakening Movement in Iraq,” New York Times, September 22, 2008, http://topics.nytimes.com/top/news/international/countriesandterritories/iraq/awakening_movement/index.html (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009)

[72] بروانە: Steven Lee Myers and Campbell Robertson, “Insurgency Remains Tenacious in North Iraq,” New York Times, July 9, 2009, http://www.nytimes.com/2009/07/10/world/middleeast/10iraq.html (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

کەمینەکان، بەشێوەیەکی دراماتیکییانە زیادیان کردو تا کاتی نوسینی ئەم دێرانە هیچ نیشانەیەك بۆ کەمبوونەوەی نیە. لە شەش هەفتەی دوای کشانەوەدا، هێرشەکانی دژ بە گروپە کەمینەکان لە چوار ناوچەی جیاوازدا زیاتر لە 137 کەسیان کوشتو نزیکەی 500 کەسیشیان بریندارکرد، لە کۆمەڵەکانی یەزیدیو شەبەكو تورکمانەکان. لە 9 ی تەموزی 2009 دا هێرشە خۆکوژییەکان لانیکەم 45 کەسیان کوشتو زیاتر لە 65 کەسیشیان لە شاری تەلەعفەری زۆرینە تورکمانی خۆراوای موسڵ بریندارکرد[73].

لە 7ی ئابدا بارهەڵگرێك کە مادەی تەقینەوەی تێدانرابوو لە دەرەوەی مزگەوتێکی تورکمانی شیعەی پڕ لە خەڵك کە ئامادەی پرسەیەك بوون لە دامێنی موسڵ لە شیریخان، تەقیەوە. تەقینەوەکە لانیکەم 37 کەسی کوشتو 276 یشی بریندار کرد[74]. 11ی ئابیش یەکێك لە کوشندەترین هێرشەکانی دژ بە شەبەکی لە 2003 وە تا ئێستا بەخۆیەوە بینی: دوو بارهەڵگری گەورە تەقێنرانەوەو لانیکەم 35 کەسیان کوشتو زیاتر لە 110 شیان بریندارکردو 30 خانوشیان لە گوندی خەزنەی شەبەکنشین لە دەشتی نەینەوا تەخت کرد[75]. دوو رۆژ دواتر، لە 13 ی ئابدا، دوو کردەوەی خۆکوژیی ئاپۆرایەکی یەزیدییەکانیان لە چایخانەیەکی شاری شەنگار کردە ئامانجو لانیکەم 21 یان کوشتو زیاتر لە 30 شیان بریندارکرد (ئەم دوو رووداوەی دواتر لە خواروە بە وردەکارییەوە باسکراون).

لەکاتێکدا کە بە لەناوبردنی هەڵسوڕاوە چەکدارەکانی گروپە ئیسلامییەکان، شارەکانی تری عیراق لە بواری ئاسایشدا دەسکەوتیان بووە، پێچەوانەی ئەمە بۆ موسڵ راستە، کە تا ئاستی دووبارەبوونەوەی رۆژانە تەقەکردنو تەقینەوەی بەخۆیەوە بینیوە[76]. شارەکە بووە بە مۆڵگەیەکی ستراتیجی بۆ پاشماوەی یاخییە سوننەکان لە بەشێکیدا چونکە سوننەکان دەترسان لە زیادبوونی هەژمونی کورد لە ناوچەکەداو ئاوارەبوونی بەربڵاوی عەرەبەکان لە ئەنجامی پێچەوانەکردنەوەی بە عەرەبکردندا. بەردەوامیی نائومێدی عەرەبە سوننەکان بواری رەخساند بۆ خوڵقاندنی پەناگەی ئارام بۆ توندڕەوەکان تا لەو دەوروبەرانە کاربکەنو دەستیان کراوەبێت بۆ چەوساندنەوەی کەمینەکان.

هێرشەکان راستەوخۆ زەبریان لە ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە کەمینەکان وەشاند، چەندین قوربانییان جێهێشتو ئەوانەشی مابوونەوە دەترسان لە ژیانی رۆژانەی خۆیان. گەرچی دووبەرەکی سیاسی لەناو هەر کەمینەیەکدا هەیە، لە نێوان ئەوانەدا کە دەیانەوێت زیاتر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیك ببنەوە، لەگەڵ ئەوانەی تر کە بەلایانەوە باشترە لەژێر سایەی حکومەتی ناوەندیدا بمێننەوە، ئەو ئەندامانی هەر گروپێکی کەمینە کە هیومان رایتس ۆچ دیمانەی کردوون، کۆك بوون لەسەر ئەوەی رەوشی کەمینەکان زۆر مەترسیدار بووە.

---

[73] بڕوانە: United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs, "Situational Report no. 5 on Sinjar City," August 14, 2009.

[74] بڕوانە: Sam Dagher, "Attacks on Shiites Kill Scores in Iraq," New York Times, August 7, 2009, http://www.nytimes.com/2009/08/08/world/middleeast/08iraq.html?_r=1&hp(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[75] پاڵنەرەکانی پشتەوەی هێرشە کوشتندەکان بۆ سەر گوندەکانی تورکمانو شەبەك هەروا بە ناڕونی ماونەتەوە، کە نزیکەی لە هەمان ئەو کاتەدا بوون کە لە میانی ڕێپێوانی سەردانکەراندا لە شەوی پازدەهەمی شەعباندا، زنجیرەیەك هێرش کرانە سەر شارەکانی شیعەکانیش، ، رەنگە لەمەوە هێرشی سەر تورکمانو شەبەکەکان، بەشێك بێت لە هێرشە گشتگیرەکان بۆ سەر شیعەی ناو وڵاتەکە، نەك هێرشگەلێك بن کە ئامانجیان کەمینەکان بێت.

[76] بڕوانە: "Al Qaeda shows resilience in N.Iraq-US commander," Reuters, August 11, 2009, http://www.reuters.com/article/featuredCrisis/idUSN11532842(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009)

پیرمێردێکی 70 ساڵەی ئاسوری کە بە تەمەنترینی شارۆچکەی تەل عەسقێف بوو، وتی "جاران لەوە تێدەگەیشتین کە حکومەتێکی تۆتاڵیتارمان هەیەو بۆیە پێشێلکاری روویدا. بەڵام ئێستا دەبوو ئازادو دیموکرات بووینایە. ئەم دیموکراتییە دەمانکوژێت. ئێمە کەمینە نین، ئێمە کۆنترین گەلی عیراقین – ئێمە خەڵکی رەسەنی ئەم وڵاتەین، وەك هیندییە ئەمریکییەکان واین."[77]

## ***کوشتنی کلدۆ – ئاسورییەکان***

لە 2003 وە، ئەو گروپە چەکدارانەی دژی ئەو کۆمەڵانەن کە ئاینی جیاوازیان هەیەو لە دەوروبەری ناوچەکانی ئەوان دەژین، بە تایبەتی ئەوانەی گومانی پەیوەندییان لەگەڵ خۆراوای مەسیحیدا لێدەکرێت (بەوەش لەگەڵ هێزەکانی فرەنەتەوە لە عیراق – کە وەها سەیریان دەکرا کە ژمارەیەکی زۆری وەرگێرەکانیان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکادا کاردەکەن، بۆ نمونە) چەندبارە هێرشیانکردە سەر کۆمەڵی کلدۆ – ئاسورییەکان.. پشتیوانی گریمانەکراوی مەسیحییەکان بۆ داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە جێناکۆکییەکاندا، هەروەها سامانی هەندێك لە مەسیحییەکانیش دیسان فاکتەری دی بوون بۆ هێرشەکان.

لە سایەی حکومەتی بەعسیی پێشوودا، تەنها مەسیحیو یەزیدییەکان، کە ئاینەکانیان بەکارهێنانی مەی قەدەغە ناکات، مۆڵەتی فرۆشتنی مەییان پێدرابوو، ئەمەش وایکردبوو بە ئاسانی وەك ئەندامانی گروپە کەمینەکان بناسرێنەوە، واتە بەهۆی بازرگانێتییەکەیانەوە، کە لای ئاینی موسڵومان ناپەسەندە. توندڕەوەکان لە موسڵو شوێنانی تر کۆگاکانی مەیفرۆشتنیان تەقاندەوە، تاڵانیان کردنو مەیفرۆشانیان لەپێشچاوی خەڵکی ناشرین کرد[78]. تاوانکارە رێکخراوەکان کە هەندێجار شوناسێکی ساختەی جیهادییان دەدا بە خۆیان بۆ شاردنەوەی پاڵنەرە راستەقینەکانیان کە دزیو راوڕووتو زەوتکردن بوو. مەسیحییەکانیان بە خەڵکانی دەوڵەمەندی بێ پشتیوان دادەنا، چونکە وەکو نەریتی خۆیان هیچ پێوەستێکی خێڵەکی یان میلیشیاییان نەبوو[79]. ئەو مەسیحییانەی زەرەنگەربوونو بازرگانی ئاڵتونیان دەکرد بەشێوەیەکی تایبەتی بوونە ئامانجی رفاندن بە مەبەستی سەندنی فیدیەو کوشتن.

یەکێك لە هەرە بەرچاوترین رووداوەکانی هێرشکردنە سەر کۆمەڵی کلدۆ – ئاسورییەکان لە 29 ی شوباتی 2009 دا بوو، کاتێك چەند چەکدارێك مەترانی کلدانەکان پاولۆس فەرەج راهۆیان لە موسڵ لە کاتی هاتنە دەرەوەیدا لە کەنیسەی رۆحی پیرۆز رفاندو تەقەیان لە شۆفێرەکەیو پاسەوانەکەشی کرد. دە رۆژ دواتر تەرمەکەی دۆزرایەوە[80]. سەرکردەی تۆمەتبارکراوی رفێنەرەکان، ئەحمەد عەلی (ناسراو بە ئەبو عومەر) لە لایەنی بەرپرسانی عیراقەوە دەستگیرکراو بە سەرکردەیەکی قاعیدە لەقەڵەمیاندا. لە دادگاییکردنێکی ناوازەدا لە مایسی 2008 ئەحمەد

---

[77] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ بەتەمەنێکی کۆمەڵی مەسیحی (ناوەکەی ئاشکرا نەکرا)، تەل عەسقێق **24** ی شوباتی **2009**.

[78] بەپێی تۆمارەکانی مەسیحییەکانو ئایینەکانی تر لە عیراق، دوابەدوای هەڕەشەکانی ئیسلامییە توندڕەوەکان، نزیکەی **95%** ی کۆگاکانی مەیفرۆشی لە عیراق داخراون. بڕوانە: **Preti Taneja, Minority Rights Group International, "Assimilation, Exodus, Eradication: Iraq s minority communities since 2003," February 11, 2007, http://www.minorityrights.org/2802/reports/assimilation-exodus-eradication-iraqs-minority-communities-since-2003-arabic-edition.html**(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

[79] سەرچاوەی پێشوو.

[80] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" **1** ی کانونی دووهەمی **30** ی حوزەیرانی **2008** ل ل **19-21**.

به کوشتن تۆمەتبارکراو سزای مەرگی بەسەردا سەپێنرا[81]. ئەو مەترانە سێهەمین هێمای ئاینی مەسیحی بوو کە لە دوای 2006 وە کوژرابوو. لە 30 ی تشرینی دووهەمی 2008 دا، چەند چەکدارێك موزهیر دێری راهیبیان لە کەنیسەی پرۆتستانت رفاندو فیشەکێکیان نا بەسەریەوەو کوشتیان. لە 3 ی حوزەیرانی 2007 دا راهیب رەغید غەنیو سێ شەمماس لە ئوتومبیلەکەیاندا کوژران[82]. وەك زۆربەی هێرشەکان بۆ سەر کەمینەکان، ئەو کوشتنانە بێ چارەسەر مانەوەو ئەوەش بۆ ئەو تەرزی توندوتیژییە بەسوود بوو کە زۆرجار لە لایەن گروپە سوننە عەرەبە ئیسلامییەکانەوە بەکاردەهێنرا.

لە ئەیلولی 2008 وە زنجیرەیەك کوشتن لە لایەن چەکدارەکانەوە کۆمەڵی مەسیحیی موسڵیان راچڵەکاندو بوونە هۆی رەوکردنێکی بەکۆمەڵی هەزاران مەسیحی لە شارەکە. (تەنانەت پێش هێرشەکانیش، مەسیحییەکان دەستیانکردبوو بە هەڵاتن لە عیراق بە رێژەیەکی بەرزتر لە گروپەکانی تر، بەجۆرێك کە ژمارەیان لە عیراق کە لە 2003 دا ملیۆنێك دەبوو، دابەزی بۆ نزیکەی 675,000 کە لە 2008 دا[83]، هەروەها وا مەزەندە دەکرێت مە نزیکەی 20% ی پەنابەرە عیراقییەکان لە وڵاتانی دراوسێ مەسیحی بن.)[84] چەکدارەکان کە بەزۆری سەر بە گروپە عەرەبی سوننە توندڕەوەکان بوون، هێرشیان دەکردە سەر مەسیحییەکان، لە ماڵەکانیان، لەسەر کار، هەروەها لە شوێنەکانی خواپەرستی.

ئەم شەپۆلەی کوشتنی مەسیحییەکان ماوەیەکی کەم دوای فشاری کۆمەڵەکە بۆ سەر پەرلەمانی عیراق بۆ پەسەندکردنی یاسایەك بۆ تەرخانکردنی ژمارەیەکی زیاتری کورسییەکان بۆ کەمینەکان، لە هەڵبژاردنەکانی کانونی دووهەمی 2009 دا، دەستیپێکرد[85]. دوای 28 ی ئەیلول کوشتنەکان زیاتر بوون، واتە ماوەیەکی کورت دوای خۆپیشاندانی مەسیحییەکان لە نەینەوا بەغدا لە وەڵامی بریارەکەی پەرلەماندا (دواتر هەموارکرا) بۆ نەهێشتنی ئەو تەرخانکردنەی لە لە یاسای پێشووتری هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا زامنی نوێنەرایەتیکردنی کەمینەکانی دەکرد (خۆپشاندەران چەند دروشمێکیان بەرزکردەوەو داوای دامەزراندنی هەرێمی سەربەخۆی مەسیحییەکانیان دەکرد)[86].

---

[81] بڕوانە: "Death penalty over Iraq killing," BBC News Online, May 18, 2008,
http://news.bbc.co.uk/2/hi/middle_east/7407489.stm(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[82] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" 1 ی کانونی دووهەمی 30 ی حوزەیرانی 2008

[83] بڕوانە: US Department of State, "International Religious Freedom Report 2008,"
http://www.state.gov/g/drl/rls/irf/2008/108483.htm. Other reports place the number of Christians remaining in Iraq even lower, at about 250,000 people. See "Iraq: Is it really coming right?" Economist (London), November 27, 2008,
http://www.economist.com/displayStory.cfm?story_id=12678343(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[84] بڕوانە: Frances Harrison, "Christians besieged in Iraq," BBC News Online, March 13, 2008,
http://news.bbc.co.uk/2/hi/middle_east/7295145.stm(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009); and Andrew Harper,
"Iraq's Refugees, Ignored and Unwanted," International Review of the Red Cross, March 2008,
http://www.icrc.org/Web/eng/siteengo.nsf/htmlall/review-869-p169/$File/irrc-869_Harper.pdf(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[85] بڕوانە: "Terrified Christian Families Flee Iraq's Mosul," FoxNews.com, October 11, 2008,
http://www.foxnews.com/story/0,2933,436481,00.html(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[86] بڕوانە: Erica Goode, "Violence in Mosul Forces Iraqi Christians to Flee," New York Times, October 10, 2008,
http://www.nytimes.com/2008/10/11/world/middleeast/11iraq.html(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

ئەو هێرشانەی بەدوای ئەمەدا هاتن 40 مەسیحیان تێدا کوژراو لە ماوەی چەند هەفتەیەکیشدا زیاتر لە 12,000 کەسیش لە ماڵەکانیان هەڵاتن[87]، هاوکات لەگەڵ کوشتدا هەڵدانی بۆمب بۆ ماڵەکانی مەسیحییەکانی موسڵیش هەبوو، هەروەها دەستەواژەکانی هەڕەشەکردن لە گەڕەکە مەسیحیەکاندا بڵاوکرانەوە، نامەی لە نمونە "بڕۆ دەرەوە یان بمرە" لەپاڵ نامەی دژە مەسیحی کە لە بڵندگۆی سەر ئوتومبیلەوە دەبیستران‌و هەڕەشەیان لە مەسیحییەکان دەکرد ئەگەر رەو نەکەن[88].

نوێنەرانی کۆمەڵە کەمینە جیاجیاکان کەوتنە گۆڕینەوەی تۆمەت دەربارەی بەرپرسیارێتی‌و پاڵنەرەکان. هەندێك لە عەرەبەکان‌و نوێنەرانی مەسیحییەکان پەنجەی بەرپرسیارێتی یان لانیکەم تێوەگلانیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان راکێشا، ئاماژەیان کرد بۆ ئەوەی کە هێزە باڵادەستەکانی ئاسایشی کوردی کە بەرپرسی ئاسایش بوون لە ناوچەی هێرشەکاندا، ئاماژەیان کرد بۆ ئەوەی هەڵمەتەکانی کوشتن بە مەبەستی نەهێشتنی متمانەبووە بە حکومەتی ناوەندی‌و هێزەکانی ئاسایشی ئەو[89]. لەم گۆشەنیگایەوە، هێرشەکان دەرفەتێکیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان رەخساند تا دڵسۆزی خۆی بۆ کۆمەڵی مەسیحی‌و جیهان نمایشبکات بەوەی پەناگەو ئاسایش، هەروەها یارمەتی دارایی بۆ ئەوانە دابینبکات کە لە تاو هێرش بەرەو کوردستان هەڵاتوون، ئەوەش دەستی کورد لە هەر ریفراندیۆمێك یان هەڵبژاردنێکی داهاتوودا زاڵدەکات: دوای ئەوەی حکومەتی ناوەندی عیراقی پەیمانیدا بە سەرفکردنی بڕە پارەیەکی یەکسان بە 127 دۆلار بۆ هەر خێزانێکی ئاوارە، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان 212 دۆلاری بۆ هەر خێزانێك خستە روو[90]. ئاغاجان بەرنامەیەکی بەرفراوانی نیشتەجێکردنی پەنابەرەکانی لە سەراپای ناوچەکانی مەسیحییەکاندا بەرپاکرد. لە کاراملێش، زەوی لە کەنیسەی کلدانی کڕی‌و چەندین یەکەی ئامادەی نیشتەجێی لەسەر دامەزراند.

وەکو بەڵگەی تێوەگلانی کورد، هەڵگرانی ئەم بۆچوونە ئاماژەیان کرد بۆ راستی ئەوەی کە هێرشەکان لەو بەشەی موسڵدا روویاندا کە تا رادەیەك بەدوورە لە چالاکییەکانی یاخییەکان‌و لە ژێر کۆنترۆڵی سوپای عیراقدایە، رێژەیەکی زۆری ئەفسەرانی کورد لەو ناوچەیەدا هەن. هەندێك لە رووداوی کوشتنەکان لەو ناوچانەدا روویاندا کە خاڵەکانی پشکنینی سوپای عیراق زامنیان کردوون، لە هەندێ حاڵەتیشدا زۆر نزیك بوون لێیانەوە، کە وا لە هەندێك دەکات باوەڕبێنن بەوەی کە ئەفسەرە کوردەکان یان بریکارەکانیان دەستیان هەبووە لە هێرشەکاندا[91]. بەرپرسانی کورد ئەم جەختکارییانەیان رەتکردەوەو گروپە عەرەبە سوننەکانیان تۆمەتبارکرد بەوەی ئەو هێرشانەیان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی

---

[87] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" **1** ی تەموز - **31** ی کانونی یەکەمی **2008**

[88] بڕوانە: UN Security Council, Report of the Secretary-General pursuant to paragraph 6 of resolution 1830 (2008), November 6, 2008, http://www.uniraq.org/FileLib/misc/SG_Report_S_2008_688_EN.pdf(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**) ; p. 11, Corey Flintoff, "Some Displaced Iraqi Christians Ponder Kurds' Role," NPR, October 28, 2008, http://www.npr.org/templates/story/story.php?storyId=96103301(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

[89] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی کۆمەڵی مەسیحی (ناوەکان ئاشکرا نەکران)، هەولێرو تەل عەسقێق **20**، **24** ی شوباتی **2009**.

[90] بڕوانە: Fadel, "Kurdish expansion squeezes northern Iraq's minorities," McClatchy, http://www.mcclatchydc.com/iraq/story/55711.html.

[91] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی کۆمەڵی مەسیحی (ناوەکان ئاشکرا نەکران)، هەولێرو تەل عەسقێق **20**، **24** ی شوباتی **2009**.

کرژیی لەنێوان کۆمەڵەکاندا توندبکەنەوە[92]. لە ڕەتکردنەوەیەکی دەگمەندا، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق، نکولیکرد لە بەرپرسیارێتی ئەو لەو کوشتنانە[93]. بەم نزیکانەش پەرلەمانتاری کورد مەحمود عوسمان میلیشیاکانی مالیکی سەرەکوەزیرانی تۆمەتبارکرد بەوەی لە پشتی توندوتیژیەوەن[94]. هیچکام لەم بەهانانە بەڵگەی قایلکەریان لەپشتەوە نەبوو.

هەرچۆنێك بێت، ئەوەی روونە، ئەوەیە کە هێرشەکان سیستماتیکیو بەربڵاوبوون. هیومان رایتس وۆچ دیمانەی ئەندامانی خێزانەکانی حەوت کەس لەو قوربانییانەی کرد کە لە نێوان کۆتاییەکانی ئابو سەرەتاکانی تشرینی یەکەمی 2008 دا کوژران. لەکاتێکدا کە لەو کاتەوە ژمارەیەك لە مەسیحییەکان گەڕاونەتەوە بۆ موسڵ، بەڵام ئەو خێزانانە لە گوندە مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا ماونەتەوە، ترسی زۆریان هەیە لە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە شارەکە. هەندێکیان خۆیان کوشتارەکانیان بینیوە، هەندێکی تریشیان قسەیان لەگەڵ کەسانێك کردووە کە بەچاوی خۆیان جەلادەکانیان بینیوە خۆشەویستانیان دەکوژن. گەواهییەکانی ئەوان نیشانەن بۆ هەڵمەتێکی ڕێکخراوی ئامانج دیاریکراو بۆ توندوتیژیو مەبەستیشی ئەوپەڕی کاریگەرییو وێرانکردنی کۆمەڵەکە بووە.

هیومان رایتس وۆچ بەرمەبنای ئەو دیمانانە، هیچ بەڵگەیەکی وای نەدۆزییەوە کە بیسەلمێنێت کورد راستەوخۆ گلاوەتە ئەو هەڵمەتی توندوتیژییەوە دژی مەسیحییەکان. بەپێی شایەتەکان، چەکدارەکان بە عیراقییەکی پاراو قسەیان کردووە، کە وادیاربووە زمانی دایکیان بووە (بەپێچەوانەی کوردەکانەوە کە زمانی خۆیان کوردییەو زمانی عەرەبی زمانی دووەمیانە). هێرشکەران سەروسیمای عەرەبییان هەبووەو پۆشاکی عەرەبییان پۆشیوەو روونیشیان کردۆتەوە کە لەبەر هۆی ئاینی هێرشدەکەنە سەر مەسیحییەکان. بۆ نمونە، یەکێك لە قوربانییەکان پیاوێکی میکانیکی بووەو ناوی ئەفنان داوود سائیب حەداد بوو، رۆژی 28 ی ئەیلولی 2008 لە سەعات 10:30 ی بەیانیدا، لە دەرگای ماڵەکەی دەدرێت، کە دەیکاتەوە دەبینێت پیاوێکی دەمامککردوو داوای لێدەکات پێناسەکەی پیشان بدات. حەداد دەپرسێت تۆ کێیت، ئەویش بە عەرەبییەکی دیالێکتی موسڵاوی وەڵامدەداتەوە "مەترسە مامە، من لەگەڵ پۆلیسی نهێنیدام." دوای ئەوەی سەیری پێناسەکەی دەکات، ئینجا لێی دەپرسێت ئایا تۆ مەسیحیتو حەدادیش وتی بەڵێ. ئینجا جەلادەکە وتی "کەواتە دەبێت بتکوژم، چونکە تۆ مەسیحیت." دوای ئەوە بە دەمانچەیەکی تاریقی عیراقی حەوت فیشەك دەنێت بە بەشی خوارەوەی جەستەیەوەو دەیکوژێت. خێزانەکەی هەفتەیەك لە موسڵ مانەوە بۆ تەواوکردنی پرسەکەیو پاشان بەرەو قەرەقوش هەڵهاتن[95].

---

[92] بڕوانە: ICG, "Iraq's Provincial Elections: The Stakes," Middle East Report No. 82, January 27, 2009, http://www.crisisgroup.org/home/index.cfm?id=5883(بەرواری سەردان 25 ی ئەیلولی 2009).

[93] بڕوانە: "Iraq: Al-Qaeda denies Christian murders in north," Adnkronos International, October 13, 2008, http://www.adnkronos.com/AKI/English/Security/?id=3.0.2579084505 (بەرواری سەردان 2 ی تشرینی یەکەمی 2009).

[94] بڕوانە: "Iraq: Al-Qaeda denies Christian murders in north," Adnkronos International, October 13, 2008, http://www.adnkronos.com/AKI/English/Security/?id=3.0.2579084505(بەرواری سەردان 2 ی تشرینی یەکەمی 2009).
"MP blames Pro-Maliki Militia in Mosul attacks," IRAQSlogger.com, June 23, 2009, http://www.iraqslogger.com/index.php/post/7811/MP_Blames_Pro-Maliki_Militia_in_Mosul_Attacks (accessed August 17, 2009); "Kurds demand deputy of Ninewa governor," Kurdish Globe, June 27, 2009, http://www.kurdishglobe.net/displayArticle.jsp?id=30B04A644C8C4FE27F23662A22DB095A (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[95] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی حەداد (ناوەکان ئاشکرا نەکران) قەرەقوش، 23 ی شوباتی 2009.

لە حاڵەتێکی تردا، لە رۆژی 7 ی تشرینی یەکەمدا، چەند چەکدارێك کە تفەنگی کلاشنکۆف  یان پێبوو، لە ئەمجەد هادی پەترۆسی کرێکاری خانوبەرە نزیکبوونەوە، لە شوێنی کارەکەی لە موسڵ. پرسیاریان لێکرد "ئایا تۆ مەسیحیت؟" ئەویش وەڵامیدایەوە "بەڵێ، چیتان دەوێت؟" یەکسەر تەقەیان لێکردو هەرلەوێدا کوشتیان. ئینجا کوڕە 20 ساڵانەکەشیان کوشت کە ناوی ویسام بوو، ئەویش لەوێ کاری دەکرد، دوو فیشەکیان نا بە ملیو سنگی ئەویشەوە. پێش رووداوەکە ئەم خێزانە هیچ هەڕەشەیەك یان ئاگادارکردنەوەیەکی راستەوخۆیان پێنەگەیشتبوو، ئەوەندە نەبێت کە چەند رۆژێك پێشتر دوو پیاو لە دەوروبەری گەڕەکەکەیان بینرابوون کە بەشێوەیەکی گوماناوی رەفتاریان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی یەکێك لە دراوسێکان تەقەی بەسەرداکردبوون، هەڵاتبوون[96].

چەند هەفتەیەك لەوەبەرو لە 28 ی ئابدا، نایف بەشیر میخا، 63 ساڵ، هاوسەری سیهام ئەلخاد، لەماڵ هاتە دەرەوە بەرەو دووکانەکەی، ئەوە دواجار بوو کە سیهام بە زیندوویی بیبینێت. سێ شەو دواتر تەرمەکەی لەناو تۆپەڵێك خۆڵو خاشاکدا دۆزرایەوەو چوار فیشەك بەسەرو ملییەوە بوون. هاوشێوەی خێزانەکانی تر کە هیومان رایتس وۆچ قسەی لەگەڵ کردبوون، پێش کوشتنەکە راستەوخۆ هیچ هەڕەشەیکیان پێنەگەیشتبوو، بەڵام خێزانەکە وتی کە مەسیحییەکانی دراوسێیان بە نامەی مۆبایل هەڕەشەیان لێکرابوو، فیشەکیان بۆ خرابووە زەرفی نامەوەو لە بەر دەرگاکانیان جێهێڵدرابوو. میخا قەرزاری کەس نەبووو پیاوێکی بەڕێزی ناو کۆمەڵەکەیان بوو. خێزانەکە باوەڕیان وایە لەبەر ئەوەی مەسیحییە کوشتوویانە. کەمتر لە دوو هەفتە دوای ئەوە، رۆژی 10 ی ئەیلول، لە دەوروبەری سەعات 8 ی بەیانیدا چەکداران دوو کوڕی رەبیانیان کوشت کە لە دووکانی پاسکیلخانەکەیدا لە موسڵ کاریاندەکرد. شوێنی دووکانەکە - لە نێوان دوو خاڵی پشکنینی ئاسایشدایە – بە جۆرێك کە زەحمەتە جەلادەکان بێ ئەوەی بە خاڵی پشکنیندا تێبپەڕن بگەنە دووکانەکە. گەرچی خێزانەکە وتی شایەت هەیە، بەڵام کەس نەیوێرا قسە بکات. باقی خێزانەکە بەرەو قەرەقوش هەڵاتنو بەنیازش نین بگەڕێنەوە بۆ موسڵ. سیهام ئەلخاد وتی، "دۆستانمان ئامۆژگارییان دەکرین، بۆچی نارۆن، شتەکان بەرەو ناسەلامەتبوون دەڕۆن – بۆچی ناچن بۆ شوێنێکی تر؟ ئێمەش وەڵاممان دەدانەوە کێشەمان لەگەڵ کەس نیە، ئیتر بۆچی باربکەین؟"[97]

لە روداوێکی تردا لە موسڵ، رۆژی چواری تشرینی یەکەمدا، سەعات 1:45 ی پاشنیوەڕۆ، چەکدارێك پیاوێکی مەسیحی 46 ساڵەی لە کۆگای پۆشاك فرۆشییەکەی کوشت لە بازاڕی سەرای (خێزانەکەی داوایکرد ناوی نەهێنرێت). پیاوێکی دەمامك نەکردووی ردێن هاتوو لەبەر دەرگای کۆگاکەیدا وەستا، بێ ئەوەی هیچ بڵێت تەقەی لە دوکاندارەکە کرد کە لە پشتی مێزەکەیەوە دانیشتبوو. دوای ئەوەشی شەش فیشەکی پێوە نا، بە هێمنی ملی رێگای گرتو رۆیشت. چوار رۆژ دوای تەواوبوونی پرسەکەی، ژنەکەیو چوار منداڵەکەی موسڵیان جێهێشت بەرەو قەرەقوش[98].

لە سەرەتای ئەیلولدا چەند کەسێك کە وادیاربوو عەرەب بن، تاریق قەتامی 66 ساڵانیان لە دوکانی میکانیکییەکەیەوە رفاند. دوای دووسێ رۆژ، رفێنەران پەیوەندییان پێوەکردن، بە زمانێکی غەیرە موسڵاوی، بەڵام عەرەبی قسەیان

[96] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی پەترۆس، قەرەقوش، **23** ی شوباتی **2009**.

[97] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ سیهام ئەلحادو بووکەکەی، قەرەقوش، **22** ی شوباتی **2009**.

[98] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ ئەندامانی خێزانی پیاوێکی مەسیحی کوژراو (ناوەکان ئاشکرا نەکران) قەرەقوش،، **23** ی شوباتی **2009**.

دەکرد، دوای 200.000 دۆلاریان لە خێزانەکە کرد بۆ ئازادکردنی قەتام بە سەلامەتی. دوای دانوسانکردن لەگەڵیان، هەفتەی دواتر برە پارەکە دابەزێنرا بۆ 20,000 دۆلار. خێزانەکە پارەکەیان دا بە رفێنەران‌و ئەوانیش بەڵێنیان دا یەك دوو سەعاتێکی تر بەرەڵای بکەن[99]. بەڵام رۆژی دواتر تەرمەکەیان دۆزیەوە.
لە ماوەی هەڵمەتی توندوتیژیدا دژی مەسیحییەکانی موسڵ، وادیاربوو کە هێزەکانی ئاسایشی کورد کە باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، ناتوانن کە رێگە لە هێرشەکان بگرن[100]. دوای شەپۆلێك لە کوشتن، مالیکی سەرەکوەزیران جێگای یەکە سەربازییە کوردییەکانی لە موسڵ بە یەکەی عەرەبی گرتەوەو پۆلیسی غەیرە کوردی لە بەغداوە رەوانە کرد[101].

لە مانگی ئەیلولدا، وەزیری مافی مرۆڤی عیراق کۆمیتەیەکی دروستکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە هێرشەکان دژی مەسیحییەکانی موسڵ‌و ئاوارەکردنی دواتریان[102]. کۆمیتەکە سەردانی ناوچە لێقەوماوەکانی کردو لەگەڵ قوتاربووەکان دوا. راپۆرتە بڵاونەکراوەکەی هیچ دەرەنجامێکی نەدا بەدەستەوە دەربارەی ئەوەی کێ لەپشتی هێرشەکانەوەیە، یان ئایا هێزەکانی ئاسایشی عیراق دەیانتوانی رێگەیان لێبگرن یان نا، تەنها هەر ئەوەندەی وت کە ئاماژەی ئاشکرا هەیە بۆ ئەوەی کە ئەو هەڵمەتە "ئامانجدار"و "سیستماتیك" بووە و "پێشوەخت خۆی بۆ ئامادەکراوە." راپۆرتەکە رایگەیاند کە "کوشتنەکان"و هەڕەشەکردنەکان لە بەری خۆرەڵات (چەپ) ی شارەکە پیادەکراون، کە پێشتر بەشی ئارامی شارەکە بووەو هێزەکانی ئاسایش توانیویانە بە ئازادی‌و سانایی بجوڵێنەوە بە پێچەوانەی بەشی خۆراواوە (راست) کە لە لایەن خەڵکی موسڵەوە بە ناوچەی باڵادەستیی گروپە چەکدارەکان دایاننابوو."[103]

بەپێی راپۆرتەکان، لە ناوەڕاستی تشرینی دووهەمدا نزیکەی 80% ی ئاوارە مەسیحییەکان گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لە موسڵ‌و دەوروبەری، ئەمەش بەشێکی لەبەر بەرەوپێشچوونی رەوشی ئاسایش (گەرچی لە 11 ی تشرینی دووهەمدا، چەکدارێکی نەناسراو دوو خوشکی مەسیحی لە موسڵ کوشت) بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی گەڕانەوەیان بۆ پاراستنی کاروبارەکانیان، یان لەبەر خوێندنی منداڵەکانیان بوو[104].

---

[99] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ مەسیحییەك (ناوەکەی ئاشکرا نەکرا)، تەل عەسقێف، 24 ی شوباتی 2009.

[100] نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەی کرد ، بڕوانە: نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" 1 ی تەموز - 31 ی کانونی یەکەمی 2008 ل ل 15 -16.

[101] ICG, "Iraq's Provincial Elections: The Stakes," http://www.crisisgroup.org/home/index.cfm?id=5883, p. 4.

[102] بڕیاری ئیداری ژمارە أ/ 15178 بەرواری 14 ی تشرینی یەکەمی 2008.

[103] بڕوانە: Iraq Ministry of Human Rights Fact-Finding Committee, "Report on Displacement of Christian Families in Nineveh Governorate," undated, copy obtained and on file with Human Rights Watch.

[104] بڕوانە: UNHCR, "Iraq: Displaced Christians return to Mosul," November 11, 2008, http://www.reliefweb.int/rw/rwb.nsf/db900sid/SHIG-7LAGWG?OpenDocument&rc=3&cc=irq (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

## *کوشتنی شەبەکەکان*

کوشتنی شەبەك هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی داگیرکارییەکەی ئەمریکاوە دەستیپێکردووە. لە 2004 ەوە، بە پوئێن راگەیەندراوە کە زیاتر لە 750 ئەندامی کۆمەڵی شەبەکەکان لە هێرشی چەکدارانەدا لەناوچوون[105]. بەپێچەوانەی هێرشی سەر مەسیحییەکانەوە، میدیای دەرەوەی وڵاتەکە تیبینی ئەم هێرشانەی نەکردووە، هۆیەکەشی گومناوی کۆمەڵەکەو نەبوونی گروپی ئاوارەبووی کاریگەر . ژمارەی شەبەکەکان لەنێوان 200,000 بۆ 500,000 کەس دەبێتو بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەشتی نەینەوا دەژین[106]. گروپە چەکدارەکان کردویانن بە ئامانج چونکە رێژەی 70% یان خۆیان بە شیعە دەزانن، کە زۆرێك لە سوننە توندڕەوەکان بە لادەر دایاندەنێن چەکدارە سوننەکان لە سەرانسەری عیراقدا شیعەکانیان کردووە بە ئامانج، نەك تەنها ئەو شیعانەی کە ئەندامی گروپە کەمینەکانن): بۆ نمونە، دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق، گروپێکی چەکدارەو هاوپەیمانی قاعیدەی میزۆپۆتامیایە، بلاوکراویەکی لە موسڵ بڵاوکردەوەو بەرواری 16 ی تشرینی یەکەمی 2007 ی بەسەرەوە بوو، شەبەکەکانی بە "رەتکەرەوە – رافیزە" ی ئیسلام لەقەڵەمداو جەختیکرد کە "ئەرکی سەرشانیانە بێبەزەییانە بیانکوژنو ئاوارەیان بکەن."[107] گروپە سوننەکانیش دیسان شەبەکەکانیان کردە ئامانج چونکە هەندێك لە شەبەکەکان خۆیان بە کورد دادەنێن، هەروەها لەبەرئەوەی یاخییەکان ئەوان بە لایەنگیری کورد دادەنێن. هەرچۆنێك بێت پێدەچێت هێرشەکانی ئەم دواییە بۆ سەر سەرکردەکانی کۆمەڵی شەبەك، لە سەرچاوەی جیاوازترەوە هاتبن.

یەکێك لە هەرە خراپترینی هێرشەکان بۆ سەر دەشتی نەینەوا لە 2003 بە دواوە، لە 11ی ئابی 2009 دا روویدا، دوو بارهەڵگری گەورەی بۆمبڕێژکراو پێکەوە لە دەوروبەری سەعات 5 ی بەیانیدا لە گوندی خەزنەی شەبەك تەقینەوە، کە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردەوە. زەبری تەقینەوەکان گوندەکەی وێرانکرد، 65 خانووی خاپوورکرد. تەختی نوستنو دۆشەکو سەرینی خوێناویو کەلوپەلی بەسەریەکدا شکاوی لەدوای خۆی جێهێشت. لەوکاتەدا زۆربەی خەڵکی گوندەکە نوستبوون، زۆربەیان لەتاو گەرمای هاوین لە سەربان خەوتبوون. دوا ئاماری قوربانیەکان گەیشتە 35 کوژراو و 200 بریندار[108].

گەرچی هیچ گروپێك بەرپرسیارێتی خۆی رانەگەیاند، بەڵام هێرشەکە لەگەڵ هێرشەکانی پێشووتری چەکدارەکانو قاعیدەی میزۆپۆتامیادا، لێکدەچوون. ئاڤاس مەحمود جەبار، 55 ساڵ، جوتیارێکی خەزنەیە، وتی ئەو پێیوایە بەرپرسانی عیراقو کوردیش ئەم روداوە بەکاردەهێنن بۆ بردنە پێشەوەی ئامانجە سیاسییەکانیانو لافی ئەوە لێدەدەن کە ئەوان کەمینەکان دەپارێزن: "هەمووان دەستدەکەن بە نمایشکردنی ماسولکەکانیانو دەڵێن دەیانەوێت بمانپارێزن.

---

[105] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" 1 ی تەموز - 31 ی کانونی یەکەمی 2008 ل ل 15-16.

[106] وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "راپۆرتی نێودەوڵەتی ئازادی ئایینی 2008"
http://www.state.gov/g/drl/rls/irf/2008/108483.htm`

[107] بەپێی ئەو بەرپرسانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڵاوکراوەکەیان بینیوە، سەرنجی هیومان رایتس ۆچیشی راکێشاوە.

[108] بڕوانە: Sam Dagher, "Minorities Trapped in Northern Iraq's Maelstrom," New York (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009) Times, August 15, 2009, http://www.nytimes.com/2009/08/16/world/middleeast/16khazna.html (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009) . Ernesto Londoño and Dlovan Brwari, "Blasts Kill at Least 53 in Iraq," Washington Post, August 11, 2009, http://www.washingtonpost.com/wp-dyn/content/article/2009/08/10/AR2009081000333.html?hpid=topnews (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

بەڵام هەمووان دەیانەوێت لە پێناو ئامانجەکانیاندا ئێمە بکەن بە قوربانی. ئێمە گازاندە لە حکومەتەکەی مالیکیو حکومەتی کوردی دەکەین بۆ ئەو هەموو کۆمەڵکوژییەی ئاوا بێبەزەییانە بەرەو رووبان دەبینەوە."[109]

پێشبینییەکانی لەجێی خۆیاندا بوون: لە رۆژانی دواتردا، کورد، عەرەب، کەمینەکانی تر، کەوتنە یەکتریی تۆمەتبارکردن دەربارەی ئەوەی کێ لەپشتی هێرشەکەوەیە، هەریەکە لە کوردو عەرەبەکانیش لافی ئەوەیان لێدا کە ئەوان پارێزەری راستەقینەی کەمینەکانن. عوبدولوەحید عەبدوڵا، بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، هاوپەیمانێتی حەدبای تۆمەتبارکرد بەوەی ئەقڵی دارێژەری هێرشەکەی خەزنەیە. لە زاری ئەوەوە گوازرایەوە "ئەوان ویستیان بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژن، شیعەکان بکوژنو تۆباڵەکەشی بخەنە ئەستۆی کورد."[110] لە هەمانکاتدا لە زاری یاساناسی عەرەبی سوننە عێزەدین دەولەوە گوَزرایەوە کە وتویەتی حکومەتی کوردی بە نهێنی ئەم هێرشەو هیتریشی بەئەنجام گەیاندووە بۆ ئەوەی گروپە کەمینەکانی ناوچە جێناکۆکییەکان قایلبکات بەوەی کە بۆ خۆیان باشترە کە لەژێر عەبای کوردیدا بن: "ئەگەر کورد نەبێت، ئەی کێیە؟ کێی تر دەسەڵات، چەکو ویستیشی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە؟"[111] ئەم تۆمەتبارکردنانە بەشێوەیەکی رۆتینی بەرزکرانەوە بێ بەڵگەی پشتیوانیکەر، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپترکردنی ئەو رەوشە کرژەی لە ئارادایە.

ماوەیەکی کورت دوای هێرشەکەن ئیدارەی پارێزگای نەینەوا داوای لە مالیکی کرد هێزی سەربازی رەوانەی ناوچەکە بکاتو پێشمەرگە لە پارێزگاکە بکاتە دەرەوە. لە لێدوانەکەدا هاتووە کە ئەو هێرشە روویدا چونکە ئیدارەی پارێزگاو حکومەتی ناوەندی کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر پارێزگاکەدا نیە[112]. شەبەکەکان پێشنیاریان کرد هێزێکی پۆلیسی 500 کەسی لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی خۆیان دروستبکرێت بۆ پاراستنی گوندەکانیان، بەڵام بەرپرسێکی ناوخۆیی کورد، داوایەکی نوسراوی لەمجۆرەی رەتکردەوە کە شەبەکەکان رەزامەندی مالیکی سەرەکوەزیرانیان بۆ وەرگرتبوو[113]. (گەرچی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی کەمینەکان مافی ئەوەیان نیە هێزی ئاسایشی خۆیان هەبێت ئەوە ئەرکی دەسەڵاتدارانە کە پاراستنێکی ماقووڵی بی جیاکارییان بۆ دابینبکەن.)

حونەین قەدو پەرلەمانتاری عیراقو نوێنەری شەبەکەکان، بە هیومان رایتس ۆچی وت کە لە دیدی ئەودا، پێشمەرگە هیچ بەرژەوەندییەکی لە پاراستنی کۆمەڵی ئەودا نیە. وتی پێیوایە هێزەکانی ئاسایشی کورد زیاتر دەیانەوێت کۆنترۆڵی شەبەکو سەرکردەکانیان بکەن نەك پاراستنیان. وتی "ئێمە بەدەستی پێشمەرگەوە دەناڵێنین، گەرچی زۆر رێی تێدەچێت هێرشەکە [ئەوەی خەزنە]" لە لایەن رێکخراوی قاعیدەوە ئەنجامدرابێت، بەڵام هێشتا هەر حکومەتی کوردی بەرپرسیارە، چونکە رێگە نادەن هێزەکانی سوپای عیراق بمانپارێزنو بیرۆکەی ئەوەشی کە هێزی پۆلیسی شەبەکی خۆمان بۆ پاراستنی گەلی خۆمان دابمەزرێنین، رەتکردەوە."[114]

---

[109] بروانە:.Londoño and Brwari, "Blasts Kill at Least 53 in Iraq," Washington Post.

[110] بروانە:.Dagher, "Minorities Trapped in Northern Iraq's Maelstrom," New York Times.

[111] بروانە:.Londoño and Brwari "Blasts Kill at Least 53 in Iraq," Washington Post.

[112] بڕوانە: Sam Dagher, "Sectarian Bombings Pulverize a Village in Iraq," New York Times, August 10, 2009, http://www.nytimes.com/2009/08/11/world/middleeast/11iraq.html?hp(بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009**).

[113] بڕوانە: Dagher, "Minorities Trapped in Northern Iraq's Maelstrom," New York Times.

[114] دیمانەی تەلەفونیی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵحونەین قەدو، پەرلەمانتاری عیراق، **19** ی ئابی **2009**.

لای خۆیانەوە، بەرپرسانی کورد رازی نەبوون شەبەك وەك کەمینە بناسن، بەڵکو بە کۆمەڵێکی کورد نەژاد دایاننان[115]. ئەو شەبەکانەی شوناسی کوردییان رەتکردەوە لەبەرامبەری هەڕەشەیەکی راستەوخۆدان، چونکە بەرپرسانی کورد ناوچەکانی شەبەك سەر بە کوردستان دادەنێن.

لە 2008 ەوە سەرکردەکانی شەبەك زیاترو زیاتر بوونەتە ئامانجی هێرش، هێزەکانی کوردیش گلێنرانە هەندێك لە رووداوەکانەوە. لە 12 ی تەموزی 2008 دا، چەکدارێك مەلا خادیم عەباسی سەرکردەی تەجەموعی دیموکراتی شەبەکی کوشت، ئەم گروپە دژی لکاندنی گوندەکانی شەبەکە بە هەرێمی کوردستانەوە. وەك لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە راگەیەندرا، ئەو پاش نیوەڕۆیە مەلا خادیم بەڕێوەبوو بەرەو ماڵەکەی لە شارۆچکەی باریما، دوای ئەوەی کۆبونەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی گوندی بەعشیقەدا کردبوو. لە سەر رێگای دەرەکی چۆڵەوانی کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی دەوری داوە. ئوتومبیلێك لە ئوتومبیلەکەی مەلا خادیم نزیك بۆوەو لە جامی لای خادیمەوە تەقەیان لێکرد. تەنها 150 مەتر دوور لەو جێگایە پاسگایەکی پێشمەرگە هەبوو کە پاسەوانیی ناوچەکەیان دەکرد. سێ دانە لەو حەوت فیشەکەی تەقێنران بەر عەباس کەوتن‌و کوشتیان. چەکدارەکانیش هەڵاتن بێ ئەوەی پێشمەرگە دوایان بکەون. بەپێی ئەندامانی تەجەموعی دیموکراتی شەبەك، پێشمەرگەکانی ئەو پاسگایە وتیان هیچیان نەبینیوە، گەرچی نزیکیش بوون لە شوێنی کوشتنەکەوە[116]. وێڕای داواکارییە چەندبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی بکوژەکان تەسلیمی عەدالەت بکرێن، بەڵام کەس لەسەر ئەو کوشتنە لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرا[117]. بەپێی خێزانەکەی مەلا خادیم، لە رۆژانی پێش کوشتنەکەدا، رێکخراوێکی شەبەکی پشتیوانی کوردو نەیاری تەجەموعەکەی مەلا خادیم چەند جارێك بە تەلەفون هەڕەشەی کوشتنی لێکردووە. مەلا خادیم پۆلیسی کوردی لە هەڕەشەکان ئاگادارکردەوەن ئەویش هیچی پێنەکرا. هەروەها بەپێی خێزانەکەی مەلا خادیم‌و ئەندامانی تەجەموعی دیموکراتی شەبەك، دەسەڵاتدارانی کوردی تووڕە کردووە چونکە بە ئاشکرا رەخنەی لەو شەبەکانە گرتووە کە بەپێی ئەجێندای کوردی کاردەکەن‌و ئیدانەی سیاسەتی کوردی کردووەو وتویەتی ئەوە هەوڵی زەوتکردنی شوناسی کۆمەڵەکەیە[118].

لە 7 ی کانونی دووهەمی 2009 دا، یاساناسی شەبەك، قەدۆ وتی کە لە هەوڵێکی تیرۆرکردن رزگاری بووە کە ئەو رۆژە لە شارۆچکەی عەلی ریش لە دەشتی نەینەوا رووبەڕووی بۆتەوە[119]. ئەو لەگەڵ چەند شەبەکێکی تردا بەرێگاوە بووە بۆ بەشداریکردنی مەراسیمی عاشورای شیعەکان، کاتێك تەقە لە کاروانەکەی کراوەو چوار فیشەك بەر ئوتومبیلەکەی کەوتووەو خۆشی برینداربووەو ئەوانیتر یاریدەیان داوە لە ئوتومبیلەکەی بێتە دەرەوە. بە هیومان

---

[115] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ خەسرەو گۆران، 23ی شوبات، لەگەڵ کەریم شەنگاری، 25 ی شوبات، هەروەها لەگەڵ محەمەد ئیحسان، 27 ی شوباتی 2009.

[116] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ خێزانی عەباس‌و سەرکردەکانی تەجەموعی دیموکراتی شەبەك (ناوەکان ئاشکرا نەکران)، بەرتەلە، 1 ی ئاداری 2009.

[117] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" 1 ی تەموز - 31 ی کانونی یەکەمی 2008 ل ل 15-16.

[118] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ خێزانی عەباس‌و سەرکردەکانی تەجەموعی دیموکراتی شەبەك (ناوەکان ئاشکرا نەکران)، بەرتەلە، 1 ی ئاداری 2009.

[119] دیمانەی تەلەفونیی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵحونەین قەدو، پەرلەمانتاری عیراق، 19 ی ئابی 2009.

بڕوانە: Daniel W. Smith, “Security Forces Fire at MP’s Vehicle in Ninewa,” IRAQSlogger.com, January 8, 2009, http://www.iraqslogger.com/index.php/post/6962/Security_Forces_Fire_at_MPs_Vehicle_in_Ninewa(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

رایتس ۆچی وت "ئێمه پیاوانێکمان بینی، هەندێکیان پۆشاکی سەربازیی ئاسایشی کوردییان لەبەردا بوو، تەقەیان لێکردین. حکومەتی کورد من وەك قۆرتێك لەبەردەمی بەرژەوەندیەکانیدا دەبینێت، ئەگەر بتوان خۆیان لە من رزگاربکەن، ئەوا شەبەك سەرکردەیەکی دیکەی لەدەست دەچێتو حکومەتی کورد ئاسانتر دەتوانێت ئیرادەی خۆری بەسەر شەبەکدا بسەپێنێتو خاکەکەیان ببات بۆ خۆی، ئەمە ئامانجی ئەوانە."[120]

قوسەی عەباس، پاڵێوراوی شەبەکی دیموکرات کە سەرەنجام لە هەڵبژاردنی کانونی دووهەمی 2009 دا پارێزگادا کورسییەکەی کۆتای شەبەکی لە پارێزگای نەینەوا بردەوە، بە هیومان رایتس ۆچی وت ئاسایش پێیانوتووە کە بەدوای هەموو هەنگاوێکییەوە بوونو لە هەموو هەنگاوێکیدا ئاگاداری بوونو ئەگەر بیانەوێت بە ئاسانی دەتوانن ئازاری بدەن.[121] چەند هەفتەیەك پێش هەڵبژاردن، هیومان رایتس ۆچ دیمانەی قوسەی عەباسی کرد لە بەرتەلە، باسی لە نیگەرانیی خۆی کرد دەربارەی سەلامەتی خۆیو خێزانەکەی. وتی وەزیری ناوخۆی عیراق ئاگاداری کردۆتەوە کە ژیانی لە مەترسیدایە. بیناکانی پڕبوون لە چەکدارانێکی زۆری پاسەوانو لایەنگیرەکانی. پێی وتین "کورد لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نائومێد بووە. بەدڵنیایی من ئامانجێکم کە هەوڵدەدەن نەمهێڵن."

چەند مانگێك دواتر، لە 16 ی ئابی 2009 دا کاتێك قوسەی بەرێوەبوو بەرەو موسڵ، بۆمبێك بە کاروانەکەیدا تەقییەوەو خۆیو دوو پاسەوانی بە سووکی بریندارببوون. قوسەی بە هیومان رایتس ۆچی وت کە نازانێت کێ لە پشتی تەقینەوەکەوەیەو ناشیەوێت بێ بەڵگە کەس تۆمەتباربکات[122].

لە 17ی کانونی دووهەمی 2008 دا، چەند چەکدارێکی نەناسراو سەرکردەی شەبەك حاجی ئەسعەد عیسا عەباسیان لە موسڵ رفاندو کوشتیان[123].

سەرکردەکانی کۆمەڵی شەبەك سکاڵایان کرد لە دەستی ئەوەی کوشتنەکان بێ سزا تێدەپەڕن[124]. لە رووداوێکدا، شەڕە تەقە لەنێوان جوتیارێکی شەبەکو شوانێکی کورددا روویدا، رووداوەکە تەشەنەی کردو هێرشێکی چەکدارانە لە لایەن پێشمەرگەو کوردانی ترەوە روویداو لە کێڵگەی خێزانێکدا نزیکی خەزنە هەردوو برای شەبەك، وازیر غازی خەلیلو سەمیر غازی خەلیلیان کوشت[125]. بەپێی خێزانەکە، لە 11 ی مایسی 2007 دا مشتومڕێك لە نێوان دوو براکەو مامیان لە لایەکو شوانێکی کورددا کە رازی نەبوو مۆڵکی جوتیارەکان جێبهێڵێت، روویدا. مشتومڕەکە تەشەنەی کردو بوو بەشەڕو بوو بە کێشە لەنێوان شەبەکەکانو کوردە ئاوارەکاندا کە دوو کیلۆمەتر لەولاتر لە کەمپێکی سەربازی چۆڵ دەژیان. کوردانی کەمپەکە دوای ئەوەی بە تەلەفون رووداوەکەیان پێ راگەیەندرا،

---

[120] سەرچاوەی پێشوو.

[121] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، قوسەی عەباس، بەرتەلە، 1 ی ئاداری 2009.

[122] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ قوسەی عەباس، 20 ی ئابی 2009.

[123] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" 1 ی تەموز - 31 ی کانونی یەکەمی 2008 ل ل 16-15.

[124] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ سەرکردەکانی تەجەموعی دیموکراتی شەبەك (ناوەکان ئاشکرانەکران)، قەرەقوشو بەرتەلە، 23 ی شباتو 1 ی ئاداری 2009.

[125] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ شایەتحاڵان ئەمیر غازی خەلیلو ئیحسان شەنار جەعفەر، کە خزمی قوربانییەکانن، بەرتەلە، 1 ی ئاداری 2009.

چەکەکانیان هەڵگرتو بەرەو شوێنی رووداوەکە رۆیشتن. بەپێی کەسوکاری قوربانییەکان، بنکەیەکی سەربازی پێشمەرگە کە 200 مەتر لە کێڵگەکەوە دوور بوو، یارمەتی هێرشەکەیان داو لە چەند جێگایەکی جیاجیاو دەسرێژیان لە خێزانە شەبەکەکە کرد. دوو براکە بەر فیشەکەکان کەوتنو دایکیشیان بریندار بوو. خێزانە شەبەکەکە نەیتوانی بکوژەکان بناسێتەوە، بەڵام سکاڵایەکی فەرمی لای پۆلیس تۆمارکرد. بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان ماوەیەکی کەم دوای هێرشەکە بە خێزانەکەیان وت کە کۆمیتەیەکی لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە پێکدەهێنن، بەڵام لەوکاتەوە خێزانەکە هیچی بەرگوێ نەکەوتووە[126].

## کوشتنی یەزیدییەکان

نەهامەتی یەزیدییەکان هاوشێوەی هی شەبەکەکانە، ئەمیش وێرای هێرشە ماڵوێرانکەرەکان هێشتا هەر سەرنجی نەدراوە. ژمارەیان لەنێوان 55,000 و 800,000 کەسدا دەبێتو رەگوریشەیان لە دەشتی نەینەوادا زۆر قووڵە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە شەنگار دەژینو کۆمەڵی بچوکتریشیان لە شێخانو لە شارە کوردییەکانی هەولێرو دهۆکو سلێمانیش هەیە[127]. موسوڵمانە رادیکاڵەکانو تەنانەت میانڕۆکانیش یەزیدییەکان وەك "شەیتان پەرست" دەبینن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە مەلەك تاوسی کەسایەتی سەرەکی ئایینەکەیان لە لایەن لێکدەرەوە دەرەکییەکانەوە هاوتا کراوە بە شەیتانی لای ناو تیۆلۆجیای موسوڵمانانو جولەکەو مەسیحییەکان[128].

لە 14 ی ئابی 2007 لە خراپترین هێرشدا کە بۆ سەر خەڵکی مەدەنی لە هەر ناوچەیەکی دیکەی عیراقدا کرابێت، چوار تەقینەوەی هاوکات لە قەزای شەنگارو ناوچە یەزیدینشینەکانی قەحتانیەو جزیرەو ئازیر، زیاتر لە 300 یەزیدییان کوشتو زیاتر لە 700 یشیان بریندارکردو نزیکەی 400 ماڵیان رووخاند. تەقینەوەکان ئەوەندە گەورەبوون کە دەیانکەسی ئەو نزیکانە کە لە هێرشی پارچەکانی دوای تەقینەوەکەدا کوژراون، هیچ نیشانەیەکیان لـی نەدۆزراوەتەوە. دوای هێرشەکە، هێزەکانی کورد رووبانکردە ناوچەکەو کۆنترۆڵی دەروازەکانی قەحتانیەو گوندە یەزیدینشینەکانی تریان کرد. دەوری گوندەکانیان بە بەربەستی خۆڵین گرت، هێزەکانی ئاسایشی کورد خاڵی پشکنینیان داناو بەربەستی کارایان لەنێوان ناوچەی یەزیدییەکانو گوندە عەرەبییەکانی باشووریاندا دروستکرد[129].

گەرچی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی حکومی لە تەقینەوەکان ئەنجامنەدرا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی کە هێرشەکە کە زۆر لە هێرشە بۆمبییەکانی دیکەی ناو وڵاتەکە دەچێت، کاری عەرەبە سوننە توندڕەوەکان بووە. لە چەند مانگی پێش تەقینەوەکاندان پەیوەندی نێوان سوننەکانو یەزیدییەکان بەشێوەیەکی زۆر خراپ هەرەسیهێنا، بەشێکی لەبەر ئەوەبوو کە لە 7 ی نیسانی 2007 دا، لە شارۆچکەی بەعشیقە ژمارەیەك پیاوی یەزیدی کچێکی کۆمەڵەکەی خۆیان بەردباران کرد کە ناوی دوعا خەلیل ئەسوەد بوو، دوای ئەوەی تۆمەتبارکرا بەوەی ژوانی لەگەڵ پیاوێکی سوننەدا هەبووەو چۆتە سەر دینی ئیسلام. ئەو کوشتنە دڕندانەیە بەهۆی کامێرای مۆبایلەوە

---

[126] سەرچاوەی پێشوو.

[127] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" 1 ی تەموز - 31 ی کانونی یەکەمی 2008 ل ل 15-16.

[128] دیمانەی هیومان رایتس ۆ چ لەگەڵ پێنج یەزیدی (ناوەکان ئاشکرانەکران)، تورینتۆ، کەنەدا، 13 ی شوباتی 2007.

[129] بڕوانە: Campbell Robertson, "Followers of Ancient Faith Caught in Iraq's Fault Lines," New York Times, October 13, 2008, http://www.nytimes.com/2008/10/14/world/middleeast/14yazidi.html(بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

تۆمارکراو بەخێرایی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بڵاوکرایەوە[130]. وادیارە وەکو تۆڵە سەندنەوە بۆ ئەو کوشتنە، گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق داوای لە ئەندامەکانی کرد لە هەر کوێیەك یەزیدییەکانیان بینی، بیانکوژن[131]. دوو هەفتە دوای بەردبارانکردنەکە، لە 22 ی نیساندا، چەند پیاوێکی چەکدار پاسێکیان ڕاگرت کە لە موسڵەوە بەرەو کارگەی چنینی بەعشیقە دەڕۆیشت. ناسنامەی نەفەرەکانیان پشکنیو داوایان کرد ئەوانەی یەزیدی نین بێنە خوارەوەو پاشان پاسەکەیان بە 23 نەفەری یەزیدییەوە ڕفاندو بەرەو موسڵ گەڕانەوەو لەوێ لای دیوارێکەوە ریزیان کردنو گولەبارانیان کردن[132].

ئیتر یەزیدییەکان بەردەوام ئامانجی کوشتن بوون لە نەینەوا. لە 7 ی کانونی یەکەمی 2008 دا، چەکداران دوو پیاوی یەزیدیان لەناو دوکانی مەیفرۆشییەکەی خۆیاندا لە باکوری موسڵ کوشت[133]. لە شەوی 14 ی کانونی یەکەمدا گرووپێك پیاوی چەکدار خۆیانکرد بەناو ماڵێکدا لە شەنگارو دەستیانکرد بە تەقەکردنو حەوت ئەندامی خێزانێکی یەزیدییان کوشت[134].

لە 13 ی ئابی 2009 دا، دوو خۆکوژ دوو پشتێنی تەقینەوەیان لە چایخانەیەکی میللی گەڕەکی قەڵای شەنگار تەقاندەوە کە پڕ بوو لەو لاوانەی چایان دەخواردەوەو دۆمینەیان دەکرد. ئەم تەقینەوەیە کە دوای زنجیرەیەك هێرش هات کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا ئەنجامدران (بڕوانە سەرەوە)، لانیکەم 21 کەس کوژرانو 32 ش برینداربوون[135]. هێرشی سەر شەنگار کۆمەڵی یەزیدی زیاتر ترساند. لە هەوڵێکی بێهیوایانەدا بۆ پاراستنی خۆیان،

[130] بڕوانە: Tim Butcher, “Iraq blast: desperate hunt for survivors in bomb rubble,” Daily Telegraph (London), August 15, 2007, http://www.telegraph.co.uk/news/worldnews/1560390/Iraq-blast-desperate-hunt-for-survivors-in-bomb-rubble.html (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).; Leila Fadel and Yasseen Taha, “Death toll from Iraq bombings likely to be worst of war,” McClatchy, August 15, 2007, http://www.mcclatchydc.com/homepage/story/18959.html (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[131] بڕوانە: Minority Rights Group International, “World Directory of Minorities and Indigenous Peoples – Iraq Overview,” April 2008, http://www.minorityrights.org/5726/iraq/iraq-overview.html; Alissa J. Rubin, “Persecuted Sect in Iraq Avoids Its Shrine,” New York Times, October 14, 2007, http://www.nytimes.com/2007/10/14/world/middleeast/14iraq.html (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009); and Borzou Daragahi, “Yazidi sect has long been a target of persecution,” Los Angeles Times, August 16, 2007, http://articles.latimes.com/2007/aug/16/world/fg-yazidi16 (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[132] بڕوانە: “Gunmen kill 23 members of Yazidi minority in Iraq,” New York Times, April 22, 2007, http://www.nytimes.com/2007/04/22/world/africa/22iht-web-iraq22.5391913.html (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[133] دوو یەزیدی کە دووکانی مەیفرۆشییان هەبوو، لە موسڵ، کوژران, VOI, December 8, 2008, http://www.iraqupdates.com/p_articles.php/article/41294 (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[134] بڕوانە: حەوت یەزیدی لە هێرشێکدا لە عیراق، کوژران, Agence France-Presse, December 15, 2008, http://www.google.com/hostednews/afp/article/ALeqM5jeUgA1KalLO9lXBsarQzUcqhhDAw (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

[135] بڕوانە: Sameer N. Yacoub, “Double suicide bombing kills more than 20 in Iraq,” Associated Press, August 13, 2009, http://www.google.com/hostednews/ap/article/ALeqM5hwK_CSpBxsNuVUEaDuOwmSSCiqGwD9A24LUoo (accessed August 17, 2009). Mujahid Mohammed, “Twenty-one killed in Iraq suicide bombing,” Agence France-Presse, August 13, 2009, http://www.google.com/hostednews/afp/article/ALeqM5heyhKhE3cqsbEzYfqbolyAArnGrQ (بەرواری سەردان 17 ی ئابی 2009).

پاشا دوایین هێرش، یەزیدییەکانی پێنج گوندی دەوروبەری شەنگار لە نەینەوا، بەربەستی خۆڵینیان بەدەوری گوندەکانیاندا دروستکرد[136].

[136] گوندە یەزیدییەکان بەربەستی خۆڵین بە دەوری گوندەکانیاندا دروستدەکەن بۆ خۆپاراستن لە هێرش، ئەسوات ئەلعیراق - 17 ی ئابی 2009 http://en.aswataliraq.info/?p=117617 (بەرواری سەردان 2 ی تشرینی یەکەمی 2009).

## IV. تۆقاندن لە لایەن دەسەڵاتدارانی کوردەوە

لە ماوەی هەردوو هەڵمەتی بەعەرەبکردنو ئەنفالدا، گروپە کەمینەکان لەپاڵ کورددا ئازاریان کێشاو ناچارکردان "نەتەوە"ی خۆیان راستبکەنەوە بۆ ئەوەی ببن بە عەرەب یان رووبەرووی راگوێزران لە ماڵو زێدی خۆیان بنەوە. ئیمڕۆ ئەندامانی کەمینەکان باس لە ترسی ئەوە دەکەن کە ناچاربکرێنەوە، ئەمجارەیان لە لایەن کوردەوە. زۆرێك لە یەزیدییەکان ترسی بەردەوامبوونی هێرشی عەرەبە سوننە توندڕەوەکان رازی بوون پشتیوانی لە پێوەستبوون بە هەرێمی کوردستانەوە بکەن، بە گریمانەی ئەوەی باشتر پارێزگارییان لێدەکرێتن لەکاتێکدا کە ئەوانەی بەسەرسەختی ماونەتەوە، بە درشتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت

ئەسڵی گرفتەکە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی نیمچە گشتی سەرکردەکانی کورد بەوەی گروپە کەمینەکان لە راستیدا کوردن. هیچکام لەو گەورە بەرپرسانەی کورد کە هیومان رایتس وۆچ دیمانەی کردن دانیان بەوەدا نەنا کە یەزیدییەکان یان شەبەکەکان گروپێکی نەژادیی جیا بنو یان شایستەی ئەوەبن کە وا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەوان پێیانوایە یەزیدییەکان "لە ئەسڵا کوردن"و بە سادەییش بە شەبەکەکان دەڵێن "کوردی شەبەك."

خەسرەو گۆران، جێگری پێشووی پارێزگاری نەینەوا، بە هیومان رایتس وۆچی وت "یەزیدییەکان کوردن، 90% یان لەگەڵ ئەمەدان."[137] وتیشی "یەزیدییەکان کوردی راستەقینەن چونکە ئەوان هەرگیز نەبوون بە موسوڵمان، بەڵام ئێمە بووین. ئەوانە کوردو رەسەنەکانن. تاکە پرسی گرنگ بۆ هەر نەتەوەیەك زمانە – تاکە زمانێك کە ئەوان قسەی پێدەکەن، کوردییە."

خەسرەو گۆران سووربوو لەسەر ئەوەی کە زمانی شەبەکەکانیش کوردییە "من دەزانم بۆچی ئەوان [شەبەکەکان] بەتۆ دەڵێن ئەوان کورد نین – چونکە ئەوان لە نزیکی موسڵەوە دەژین. ئەگەر بڵێن ئەوان کوردن، ئەوا دووچاری هێرش دەبنەوە."

دەستوری کوردی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە 24 ی حوزەیرانی 2009 دا پەسەندکرا، بە راشکاوی کورد، تورکمان، عەرەب، کلدانی، ئاسوری، هەروەها ئەرمەنییەکانیش بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەناسێت. ئەوەی بە شێوەیەکی بەرچاو لە لیستەکە بزرە، گروپە نەژادییەکانی یەزیدیو شەبەکەکانن[138].

### *تۆقاندن لەتوێی توندوتیژییەوە*

هەندێجار دەسەڵاتدارانی کورد بە زبری مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ئەندامانەی یەزیدیو شەبەکان کردووە کە بەرەنگاری هەوڵەکانی سەپاندنی شوناسی کوردی بەسەریاندا دەبنەوە. لە یەکێك لە حاڵەتەکاندا، ئەفسەرانی هەواڵگریی کورد لە مایسی 2007 دا دوو هەڵسوڕاوی یەزیدی خەلیل رەشۆ ئەلیاسو مەجید مێندۆ حەمۆیان دەستگیرکرد. هەردوکیان

---

[137] دیمانەی هیومان رایتس وۆچ لەگەڵ خەسرەو گۆران، 23 ی شوباتی 2009.

[138] دەستوری هەرێمی کوردستان دان نانێت بە نەژادێکی سەربەخۆی یەزیدیدا.

به هیومان رایتس ۆچیان وت دەسەڵاتدارانی کورد نزیکەی شەش مانگ زیندانییان کردونو ئەشکەنجەیان داون چونکە رازی نەبوون بەوەی ناویان لێنا کۆلۆنیالیزمی کورد بەسەر ناوچەی شەنگاردا[139].

بەپێی حەمۆ، لە 1 ی مایسی 2007 دا، لە سەعات 4:30 ی بەیانیدا، ئەفسەرانی هەواڵگریی کورد دەرگای ماڵەکەیان لە شەنگار شکاندو هەڵیانکوتایە سەریان. پێیان ووت کە یەکەی هەواڵگری ناوەندی فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکردووە، بێ ئەوەی هیچ رونکردنەوەیەکی زیاتری بدەنێ. ئەفسەرەکان حەمۆیان دەستگیرکرد، کە ئەندامێکی هەڵسوڕاوی جوڵانەوەی یەزیدییە بۆ پێشکەوتنو ریفۆرم، پێش ئەوەش دوو جاری تر لەسەر چالاکی سیاسی دەستگیرکراوە، ژنو منداڵەکانیشیان لە سوچێکی ژوورەکی ماڵەکەدا داناو کەوتنە پشکنینی ماڵەکەی[140]. پاشان ئەفسەرەکان روویانکردە ماڵی ئەلیاس، سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی جوڵانەوەی یەزیدی بۆ پێشکەوتنو ریفۆرمو ئەویشیان دەستگیرکرد.

لە کەمپێکی سەربازیی شەنگار، ئەفسەرانی هەواڵگری لێکۆڵینەوەیان لە هەریەکەیان بەجیا کرد. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەستگیرکەران دوو ئیختیاریان خستە بەردەمی ئەلیاسو حەمۆ: بڵێن ئێمە کوردینو نکولی بکەن لە جوڵانەوەی یەزیدی بۆ پێشکەوتنو ریفۆرم بکەن، دان بەوەدا بنێن کە "تیرۆریست"ن. هەردوکیان باسی ئەوەیان کرد کە چۆن پاسەوانەکان دەستو قاچیان کەلەپچە کردوونو رووپۆشیان کردووە بەسەریاندا. پاشان بەجیا هەم لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردوونو هەم تێیانهەڵداون بە بۆکس، بە پێڵاو، بە خاکەناز، هەروەها بە کێبڵ بۆ ماوەی نزیکەی پێنج سەعات. لە ئەنجامی ئەم نەهامەتییەدا، ئەلیاس بۆ مانگێگ زیاتر نەدەتوانی بێ یارمەتی هەستێتە سەرپێ. وتی دەستەکانی بەهۆی زامو برینەوە رەشهەڵگەڕان وتیشی لە سەرەتادا دەستگیرکەرانی رازی نەبوون هیچ چارەسەرێکی بۆ نەخۆشی شەکرەکەکەی پێبدرێت.

چوار رۆژ دوای دەستگیرکردنیان، بەرپرسانی کورد هەردوکیانیان گوێزایەوە بۆ کەمپی سەربازی کێسیکن لەنێوان موسڵو شەنگاردا. دوای 17 رۆژ، بەرپرسانی کورد جارێکی تریش بەجیا بەدەستو قاچی شەتەکدراو و سەری داپۆشراوەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ هەریەکێکیان کردەوە. لێکۆڵەرە کوردەکە لە حەمۆی پرسی "زمانی تۆ چیە؟" کاتێك حەمۆ وەڵامیدایەوە "یەزیدی" لێکۆڵەرەکە پێیووت "نا، یەزیدییەکان زمانیان نیە! یەزیدییەکان بە کوردی دەدوێن" حەمۆ وتی کە وەڵامی داوەتەوە "تەنانەت ئەگەر سەد جاریش بمکوژیت، ناڵێم من کوردم." ئەفسەرە کوردەکە بە پاسەوانەکانی وت ببیەنە دەرەوەو "کەمێك فێری رەوشتی بکەن." لە دەرەوە پاسەوانەکان شتێکیان خستە سەر پشتە ملی کە وا هەستی کرد کانزا بێت، رەنگە چەقۆ بووبێت. فەرمانیان پێکرد دەستەواژەیەك بڵێت کە لە لایەن ئایینی یەزیدییەوە قەدەغەکراوە. پێشی وترا ئەگەر نەیڵێیت ئەوە "سەرت دەبڕین رێك وەك چۆن تیرۆریستەکان لەگەڵ خەڵکی ئێوەدا دەیکەن." کاتێك ملی نەدا ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوانەکان بە سەختی لێیاندا. وتی کە بردویانەتەوە بۆ زیندانەکەیو پێیانوتووە "ئەگەر دەتەوێت بژیت، ئەوە دەبێت دان بەوەدا بنێیت کە کوردیت یان تیرۆریستیت." کە هەردوکیانی رەتکردەوە، تێهەڵدان دەستیپێکردەوە. حەمۆ وتی نەیتوانی بیبژێرێت کە چەند

[139] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ خەلیل رەشو ئەلیاس، هەروەها وەجید مێندۆ حەمۆ، بەعشیقە، 28 ی شوباتی 2009.

[140] ئەمە سێهەمینجار بوو ئەلیاس لەسەر چالاکی سیاسی دەستگیربکرێت. لە 2005 یشدا جارَکیان لە بنکەیەکی پشکنینی ئاسایشی شێخان بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەندکراوە. پرسیاری ئەوەی لێکراوە بۆچی بووە بە ئەندامی جوڵانەوەی ریفۆرم، هەروەها بۆچی لە شەنگارەوە هاتووە بۆ سەردانی ئەم قەزایە. پێیوتراوە کە پارتە سیاسییەکان بۆیان نیە لەم ناوچەیە چالاك بن. رۆژی پێنجەمیش دیسان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردووەو پێیوتراوە "مەڵـێ من یەزیدیم، بڵـێ من کوردم."

بوون ئەوانەی لێیاندەداو شەقیان تێهەڵدەدا، پەراسوویەکیان شکاند. سەعات چواری سەرلەبەیانی لێدان تەواو بوو، فڕێدرایەوە ناو زیندانەکەی.

ئەلیاس بە هیومان رایتس ۆچی وت کە لە زیندانێکی تردا چوار کامەند لێیانداو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرد، بەپێی قسەی ئەو "تیرۆریست" بوون مانای بەرپرسیارێتییە بەرامبەری هێرشکردنە سەر پۆلیسو هێزەکانی عیراقو ئەمریکا. ئەفسەری لێکۆڵینەوە پێیوتووە کە ئەگەر ئەو دەسبەرداری جولانەوەی ریفۆرمی یەزیدی ببێتو نکولیبکات لە پرەنسیپو ئەجێنداکەی، بەرەڵای دەکەن. کە ئەوەی رەتکردەوە، وتی لەسەر زەوییەکە رایانکێشاوەو بێبەزەییانە کەوتنە لێدانی بنی پێیو سکیو شانەکانیو سنگی.

لە 18 ی مایسدا بەرپرسانی کورد هەردوکیانیان گێڕایەوە بۆ کەمپە سەربازییەکەی شەنگار، لەوێشەوە رۆژی دواتر بردیانن بۆ زیندانی (Lefoog al-Bogag). دوای ئەوەی دادوەرێکی عیراقی بە کەیسەکەدا چووەوە، فەرمانیدا ئازادبکرێن، بەڵام هەردوکیان هەتا 28 ی تشرینی یەکەمی 2007 لە چەند زیندانێکدا مانەوە. هیچ لێکۆڵینەوەیەك لە مەسەلەی ئەشکەنجەدرانیان نەکراوە.

وردەکارییەکانی کەیسەکان هاوشێوەی زیندانیکردنو لێدانی موراد کەشتو ئاسی وەهان، کە هێزەکانی کورد سێ جار دەستگیریان کردو تۆمەتباریان کرد بەوەی تیرۆریستەو ئەندامی پارتێکی سیاسی عەرەبی سوننەیە، وەك لە میدیادا بڵاوکرایەوە. لە ماوەی دواهەمین دەستگیرکرانیدا لە تشرینی دووهەمی 2008 دا، هێزەکانی کورد بە قۆنداخە تفەنگ کێشاویانە بە دەموچاویداو پێیانوتووە "ئەگەر ئەمجارەیان بە زیندوویی بمێنیتەوە، ئەوا یان کارمان لەگەڵ بکە یاخود دەتکوژین."[141]

یوئێن راپۆرتی داوە کە چۆن لە 13 ی کانونی یەکەمی 2008 دا، گروپێك لە چەکداران کە پۆشاکی پۆلیسیان لەبەردا بوو، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی حسێن مەجید، کە شەبەکێکەو لە بەرتەلە دەژیو بردیان بۆ ناحیەی کەڵەك لە کوردستانو لەوێ ئەشکەنجەیاندا. دوای ئەوەی توانی رابکات، هەڕەشەی لێکرا ئەگەر باس لە رووداوەکە بکات، دەکوژرێت[142].

## تۆقاندن لە رێگای هەڕەشەو زیندانیکردنەوە

دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانیاندا بۆ زامنکردنی پشتیوانی کۆمەڵە کەمینەکان بۆ ئەجێنداکانیان لەمەڕ ناوچە جێناکۆکییەکان، پشتیان بە تۆقاندن، هەڕەشەکردن، هەروەها دەستگیرکردنی هەڕەمەکیو زیندانیکردن بەستووە، زیاتر لەوەی پشت بە توندوتیژی کردەیی ببەستن. ئاگادارنامەیەك لە شەنگار بە پارچە

[141] بڕوانە: Fadel, "Kurdish expansion squeezes northern Iraq's minorities," McClatchy, http://www.mcclatchydc.com/homepage/story/55711.html.

[142] نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عیراق "راپۆرتی مافەکانی مرۆڤ" 1 ی تەموز - 31 ی کانونی یەکەمی 2008 ل ل 16-15.

کاغەزی بچووك بڵاوكرایەوە كە ئەو ناچاركردنەی دەردەخست كە كەمینەكانی ناوچە جێناكۆكییەكانی نەینەوا ڕووبەڕووی بونەتەوە: "شەنگاڵ [شەنگار] گۆڕستانی ئەو كەسانەیە كە دەیانەوێت لە كوردستانی دابېرن."[143]
لە كانونی یەكەمی 2008 دا، ڕاگەیەندرا گە پێشمەرگە زیاتر لە 50 یەزیدی دەستگیركردووەو ڕێگەی نەداوە بەشداریی بكەن لە چالاكی سیاسی ئاشتییانەدا، بەپێی ئۆفیسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەغدا.[144] لە 2008 دیسان یوئێن چەند ڕاپۆرتێكی پێگەیشت دەربارەی پێشێلكاری زارەكیو هەراسانكردنی شەبەكەكان لە لایەن هێزەكانی پێشمەرگەوە لەبەر دڵسۆزنەبوونیان بۆ كوردستانو سوكایەتیكردن بە سەركردایەتی كورد. نوێنەرێكی كۆمەڵی كلدۆ- ئاسورییەكان وەسفی هەڵمەتەكەی كوردی بۆ هیومان ڕایتس ۆچ كرد وەك "گشتگیرەو دەگاتە ئاستی سیستمێكی دەسەڵاتخوازی كارا كە لە توێی ترسەوە ژمارەیەكی زۆر دانیشتوان لە سایەی خۆیدا كۆكردۆتەوە."[145]

## ***تۆقاندن پێش هەڵبژاردنی پارێزگاكان لە 2009 دا***

بەپێی نەتەوە یەكگرتووەكان، بەرەو كۆتاییەكانی 2008 و نزیكبوونەوەی هەڵبژاردنی پارێزگاكاندا، سكاڵاكانی تۆقاندنی كەمینەكان لە لایەن كوردەوە لە دەشتی نەینەوا، زیاتربون. بەنسیبەتی هیواكانی كوردەوە بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی پارێزگاو بەوەش بەرزكردنەوەی داواكارییەكانیان لەمەڕ چەند ناوچەیەكی نەینەوا، پشتیوانی كەمینەكان لە هەڵبژاردندا بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو. یوئێن ڕایگەیاند كە ڕاپۆرتی پێگەیشتووە دەربارەی هەڕەشەی مەرگ كە بەكارهاتووە بۆ ئاگاداركردنەوەی خەڵك لەوەی دەنگ نەدەن بە قوسەی عەباس، پاڵێوراوی پارتی دیموكراتی شەبەك كە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندایە بەرامبەری پارتی دیموكراتی كوردستان[146] (بۆ هەڕەشەو توندوتیژی ڕاستەوخۆ بەرامبەری قوسەی بڕوانە بەشی سێهەم). كرێكارێكی بیناسازی شەبەك بە هیومان ڕایتس ۆچی وت كە لە 23 ی كانونی یەكەمی 2008 داو لە كاتی یارییەكی فتبۆڵێندا لە قەرەتەپە، قەزای بەعشیقە، بەرپرسێكی پارتی دیموكراتی كوردستانو دوو پیاوی چەكدار كە جلی پێشمەرگەیان لەبەردابووە بە گومانی داگرتنی ئاڵای كوردستانو پۆستەرێكی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بارزانی گرتوویانە.[147] وتی بەرپرسەكە پێی وتووە، "ئێوەی شەبەك كوردن، ئەگەر لیستی ئێمە هەڵنەبژێریت، ئەوە لەناو گوندەكەی خۆتدا دەتكوژین." پاشان بە ڕێگایەكی لاوەكی خۆڵێندا بردوویانەو ڕوویانكردۆتە چۆڵەوانییەكو بەرپرسەكەی پارتی دیموكراتی كوردستان وتویەتی "دەتوانین هەر ئێستا بتكوژینو كەسیش هەرگیز پێنازانێت."

لە قەرەقوش، هیومان ڕایتس ۆچ قسەی لەگەڵ ئەندامانی میلیشیای ئاسوری كرد كە لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە فەندی دەكرێت. وتیان نوێنەرانی لیستی كوردی پێیان وتوون ئەگەر دەنگ نەدەن بە هاوپەیمانێتی كوردی، ئەوە كارەكانیان لەدەستدەدەنو ڕووبەڕووی دەركردن لە ماڵەكانیان لە كۆمەڵگاكە كە ئەوان بۆیان

---

[143] دیكۆمێنتێكی ناوخۆیی نەتەوە یەكگرتووەكان كە هیومان ڕایتس ۆچ سەیری كردووە، بەرواری پێوە نیە.

[144] نێردراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاری عیراق "ڕاپۆرتی مافەكانی مرۆڤ" 1 ی تەموز - 31 ی كانونی یەكەمی 2008 ل ل 16-15.

[145] پەیوەندی ئیمەیڵ بە نوێنەرانی كۆمەڵی كلدۆ – ئاسورییەكانەوە بە هیومان ڕایتس ۆچەوە، 27 ی شوباتی 2009.

[146] هەمان سەرچاوە.

[147] دیمانەی هیومان ڕایتس ۆچ لەگەڵ پیاوێكی شەبەك كە داوای كرد ناوی نەهێنرێت، بەرتەلە، ا ی ئاداری 2009.

دابینكردوون، دەبنەوە[148]. هەروەها بەرپرسانی كورد رێنماییان كردوون كە بە مەسیحییە ئاوارەكانی تر كە لە كۆمەڵگاكەدا دەژین، بڵێن كە ئەوانیش رووبەرووی دەركران دەبنەوە ئەگەر دەنگ نەدەن بە لیستی كوردی.

چەند ئەندامێكی دیكەی كەمینەكان سكاڵایان كرد لە سنورداركردنی ئازادی هاتوچۆ لە ماوەی نیزكبوونەوەی هەڵبژاردنی پارێزگا لە 2009 دا: پاڵێوراوە غەیرە كوردەكان بۆیان نەبوو بە ئازادی بگەڕێن، كۆمەڵی كەمینەكان بۆیان نەبوو بەشداریی كۆبونەوەكانی هەڵمەتی هەڵبژاردن بكەن[149]. بۆ نمونە، خودێدە خەلیفە عیدۆ، كاندیكێكی جوڵانەوەی پێشكەوتن‌و ریفۆرمی یەزیدی بۆ هەڵبژاردنە پارێزگاییەكانی 2009 لە شەنگارەوە، كورسییەكەی كۆتای لە ئەنجومەن بردەوە، گەرچی رووبەڕووی نەیاری زۆر باشتر پارەداركراو لە لایەن لیستی كوردییەوە ببۆوە. دەسەڵاتدارانی كورد بە بەكارهێنانی هەڕەشەی زیندانیكردن رێگەیان نەدا لە گەلێك لە ناوچەكاندا هەڵمەتی خۆی بكات، لەوانە شێخان‌و بەعشیقە. وتی دەسەڵاتداران هەڕەشەیان لە ستافەكەشی كرد.[150]

لەكاتێكدا كە كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عیراقیش سكاڵای دەربارەی سەرپێچیكردنی هەڵبژاردن پێگەیشت – لەوانە پەرلەمانتارانی یەزیدی‌و مەسیحی وتیان كە پارتە كوردییەكان هەوڵیاندا كەمینەكانی نەینەوا بترسێنن لە بە شداریكردنی كۆبونەوە هەڵبژاردنییەكان یان دەنگدان بۆ پاڵێوراوانێكی غەیری لیستی كوردی – بەڵام ئەو سكاڵاوانەی بە بەس نەزانی بۆ گومان خستنە بەر ئەنجامەكانی لیستی كوردی.[151]

---

[148] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ چوار ئەندامی میلیشیایەكی مەسیحی (ناوەكان ئاشكرانەكران)، قەرەقوش، **22** ی شوباتی **2009.**

[149] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا خودێدە خەڵەف عیدۆ، بەعشیقە، **28** ی شوباتی **2009**، هەروەها قوسەی عەباس، بەرتەڵە، **1** ی ئاداری **2009.**

[150] دیمانەی هیومان رایتس ۆچ لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا خودێدە خەڵەف عیدۆ، بەعشیقە، **28** ی شوباتی **2009.**

[151] كۆمیسیۆنی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەربارەی ئازادی نێودەڵەتیی ئایین، راپۆرتی ساڵانە **2009** – ئەو وڵاتانەی بەشێوەیەكی تایبەتی شوێنی نیگەرانین: عیراق،" **1** ی مایسی **2009** **http://www.unhcr.org/refworld/docid/4a4f2735c.html** (بەرواری سەردان **17** ی ئابی **2009).**

# راسپاردەكان

## *بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان*

- هەمواركردنی دەستوری كوردستان تا بەشێوەیەكی یاسایی دان بە شەبەكو یەزیدییەكاندا بنێت وەك گروپی نەژادی جیا.
- وازهێنان لە سەركوتكردنی رێكخراوە سیاسییەكانو رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی كە دژی سیاسەتەكانی كوردن لە ناوچە جێناكۆكییەكان. رێگە بدەن ئەو رێكخراوانە ئۆفیسەكانی خۆیان بكەنەوەو بە ئازادی هەڵبسورێن.
- زامنكردنی ئەوەی كەمینەكان بتوان بە تەواوەتی بەشداری كاروباری گشتی بكەن بێ ترسو سزادران لەسەر تێروانینە سیاسییەكانیان. وازهێنان لە دەسبەسەركردنی زۆرەملێی هەڵسوڕاوانی كەمینەكان.
- دەسپێكردنی لێكۆڵینەوەی سەربەخۆو بێلایەن لەو تاكو ئەندامانەی هێزەكانی ئاسایشی كوردی كە بەرپرسیارن لە كوشتنو لێدانو ئەشكەنجەدانی كەمینەكان. ئەنجامەكانیش ئاشكرابكەنو لێپرسینەوە لەو بەرپرسانە بكەن كە رێگەیانداوە یان خۆیان هێزی زێدەڕۆیان بەكارهێناوەو ئەگەر پێویستیشی كرد دادگاییان بكەن.
- وازهێنان لە فەندكردنی میلیشیا تایبەتەكانو راسپاردنیان بە بەرپرسیارێتی ئاساشی گشتی لە گوندی كەمینەكان.
- راوێژكردن لەگەڵ نوێنەرانی كەمینەكان بۆ دانانی سیاسەتەكانی پاراستنی كەمینەكانیان، هەروەها بواربدات بەپێی ئەو رێو شوێنانەی وەزارەتی ناوخۆی عیراق دایناون، شارەوانییەكان ئەفسەرانی پۆلیس لە كۆمەڵەكانی خۆیانەوە دابمەزرێنن.
- بواربدەن رێكخراوە سەربەخۆكانی مافی مرۆڤی عیراق بێ كۆتو پێوەند لە دەشتی نەینەوا كاربكەن.
- بانگهێشتكردنی پسپۆرانی یوئێن دەربارەی پرسی كەمینەكان بۆ هەڵسەنگاندنێكی بێلایەنانەی رەوشی كۆمەڵە كەمینەكانی نەینەوا.

## *بۆ حكومەتی عیراق*

- پاراستنی كەمینەكان لە هەموو ئاستەكانی حكومەتدا، بە ئیدارە هەرێمیو ناوخۆییەكانیشەوە.
- پێكهێنانی لیژنەیەكی سەربەخۆ بۆ دیاریكردنی بەرپرسیارانی كوشتنی 40 كلدۆ-ئاسوری لە 2008 و ئاوارەبوونی 12,000 كلدۆ – ئاسوری لە ئەنجامی ئەوەدا. لیژنەكە نەك بە تەنها هەر بكوژەكان دیاریبكات، بەڵكو لە مەسەلەی نوشوستیهێنانی خزمەتگوزارییەكانی ئاسایشیش بۆ رێگەگرتن لە هێرشەكان بكۆڵێتەوە.
- دەسكردن بە لێكۆڵینەوەی سەربەخۆو بێلایەن هەموو كوشتن، لێدان، ئەشكەنجەكان دژی كەمینەكان.

### بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان

- هاندانی حکومەتی عیراق‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کەمینەکان لە لایەن بەرپرسانی کوردو عەرەبەوە.
- جەختکردن لەسەر ئەوەی کە پێویستە حکومەتی عیراق لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆو گشتگیر لە کۆشتنی 40 مەسیحی لە موسڵ لە کۆتاییەکانی 2008 ئەنجامبدات.

## پێزانین

سامیر موسکاتی، توێژەر لە بەشی خۆرەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقیای هیومان رایتس وۆچ، لەگەڵ پیتەر بوکیرت، بەڕێوەبەری بەرنامە ناکاوەکان، ئەم راپۆرتەیان نوسیوە. بەرمەبنای ئەو لێکۆڵینەوانەی لە شوباتو ئاداری 2009 دا لە باکوری عیراق ئەنجامیانداوە. جۆ سترۆك، جێگری بەڕێوەبەری بەشی خۆرەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقیا، ئایان گۆرڤین، گەورە بەرپرسی پرۆگرام لە ئۆفیسی پرۆگرام، راپۆرتەکەیان ئیدیت کردووە. کلیف باڵدوین، گەورە راوێژکاری یاسایی پێداچوونەوەیەکی یاسایی بۆ کردووە. عەمر خەیری، رێکخەری زمانی عەرەبیماڵپەڕەکەو وەرگێڕیش یاریدەی وەرگێڕانی بۆ عەرەبی داوە. رەنا رەزق‌و باسیر عەلی، یارمەتی تۆژینەوەکەیان داوە. برێنت گیانۆتا، لە بەشی خۆرەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقیا راپۆرتەکەی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەکردووە. بەڕێوەبەری چاپەمەنییەکان گرەیس چۆی هەروەها فیزۆری هێپکینزی بەڕێوەبەری پۆستە، هاوکاری زیاتری بەرهەمەکەیان کردووە.